تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5851) پێنج شەممە 17ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی سەرەخۆشی لە کوڕانی ئەنوەربەگی بێتواتە کرد



دوێنێ چوارشەممە 16ی ئۆکتۆبەری 2019 سەرۆک بارزانی لە ڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندیی بە نەوزاد ئەنوەربەگ کرد و بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک سەرداری براگەورەیانەوە پرسە و سەرەخۆشیی ئاڕاستەی کاک نەوزاد و براکانی و سەرجەم خانەوادەکەیان کرد.
هەر دوێنێ بەڕێز سیداد بارزانی بە نوێنەرایەتیی سەرۆک بارزانی، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەشداربیان لە مەراسیمی هێنانەوە و ناشتنی تەرمی خوالێخۆشبێت سەردار ئەنوەربەگی بێتواتە کرد و پرسە و سەرەخۆشییان ئاڕاستەی خانەوادەکەیان کرد.

ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حزب و لایەنە کوردستانییەکان

پێویستە سەرجەم لایەنەکان بە یەکگوتار لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ گفتوگۆ بکەن



دوێنێ چوارشەممە 2019/10/16 لە شاری هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سکرتێر و سەرۆک و نوێنەرانی حزبە بەشدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەی چەندین تەوەری گرنگی سیاسی تاوتوێکران و دواتر سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنداوێکی بڵاوکردەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:
دوێنێ چوارشەممە 2019/10/16 لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان سکرتێر و سەرۆک و نوێنەرانی حزبە بەشدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەی بەشداربوون لە ڕوانگەی هەستکردن بە هەستیاریی ئەم قۆناغەی ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان پیایدا تێدەپەڕێت و بەمەبەستی بیروڕا گۆڕینەوە و یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەر داوای فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکخرا.
تەوەرەکانی کۆبوونەوە بریتی بوون لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ، گرفت و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، کاریگەرییەکانی جموجۆڵی سەربازی لە سووریا و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی هەرێم لەگەڵ ڕووداوەکاندا.
دەربارەی دۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، سەرجەم ئامادەبووان کۆک بوون لەسەر پێویستیی بەردەوامیی ئەم کۆبوونەوانە بە شێوەیەکی دەوری بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو، بۆ ئەم هەنگاوەش سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیان وەک بااڵترین دامەزراوەی دەستووری و یاسایی و نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و چەتری کۆکەرەوەی سەرجەم لایەن و پێکهاتەکان، بە گونجاوترین شوێن دانا کە ئەم پرۆسەیە بەردەوامی پێ بدات.
ئامادەبووان هاوەنگ بوون کە ئەرک و مافە نیشتمانییەکان هی هەموو لایەن و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە و دەبێ ئەو ئەرک و مافانە لەسەر بنەمای هاونیشتیمانیبوون پیادە بکرێت و هەموان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەاڵتەوە، لەمەدا بەشدار بن.

هاوپەیمانی کوردستانی: تا ئێستا هیچ لۆگۆیەک پەسەند نەکراوە

هاوپەیمانی کوردستانی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق ڕوونکردنەوەی لەبارەی لۆگۆی هاوپەیمانییەتییەکە دا و ڕایگەیاند: تائێستا هیچ لۆگۆیەک پەسەند نەکراوە.
بەگوێرەی کوردستان 24 عەبدولڕەحمان مستەفا سەرۆکی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە سنووری پارێزگاکانی کەرکووک، نەینەوا، دیالە، سەاڵحەدین، ئاشکرای کرد: هاوپەیمانی کوردستانی لە سنووری نەینەوا 48 کاندید و لە کەرکووک 26 کاندید و لە دیالە 22کاندیدی دەبێت، تائێستا دیار نەکراوە لە سەاڵحەدین چەند کاندیان دەبێت. هەروەها خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پێشوو پێوەر دەبێت بۆ دیارکردنی کاندیدی لایەنەکان لەناو هاوپەیمانی کوردستانی. هەروەها هاوپەیمانی کوردستانی ڕاشیگەیاند: تا ئێستا هیچ لۆگۆیەک بۆ هاوپەیمانییەتییەکە پەسند نەکراوە و ئەوەی کە لە هەندێک میدیا بااڵو دەکرێتەوە لۆگۆی ئێمە نییە. ئەوەشیان خستەڕوو: هەموو لایەنەکانی ناو هاوپەیمانی کوردستانی کاندیدیان نابێت. لەبارەی گەڕانەوەی پارتی بۆ کەرکووک، خەسرۆ گۆران گوتی: ئێمە هەوڵدەدەین بە زووترین کات بگەڕێینەوە کەرکووک و بارەگاکانمان وەربگرینەوە، چونکە هەر هێزێک بەشداری لە هەڵبژاردن بکات مافی ئەوەی هەیە لە هەموو شارەکان بارەگای هەبێت و بانگەشە بکات.

کێبڕکێی (ئاوێنەی بورکانی ژەنەڕاڵ) بڵاوکرایەوە

13

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆ حکوومییەکان بۆ ساڵی خوێندنی 2015-2016 دەدات



وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا: کوردستان نموونەیەکی ڕاستەقینەی ئارامی و پێکەوەژیانی ئایینەکانە لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا


Farnesina: Del Re riceve delegazione del Governo Regionale del Kurdistan Iracheno


11-10-2019 13:29 -

GD - Roma, 11 ott. 19 - Il viceministro agli Affari Esteri e alla Cooperazione Internazionale, Emanuela Del Re, ha ricevuto questa mattina alla Farnesina una delegazione del Governo Regionale del Kurdistan Iracheno, guidata dal Ministro degli Affari Religiosi Pshtiwan Sadq Abdullah.
"L'Italia segue molto da vicino i positivi sviluppi della Regione autonoma del Kurdistan, un vero esempio, nel Medio Oriente, di stabilità e convivenza pacifica tra le diverse componenti etnico-religiose", ha assicurato Del Re, che ha esaminato con il ministro Abdullah i progetti correnti a sostegno delle minoranze e le future prospettive di collaborazione, in particolare a favore dei giovani.
In particolare, il viceministro ha ricordato il bando AICS (Agenzia Italiana per la Cooperazione allo Sviluppo) che destina 4 milioni di euro per gli anni 2019-2020 per "Interventi di sostegno diretti alle minoranze cristiane oggetto di persecuzioni nelle aree di crisi", in scadenza il 31 ottobre, che offre la possibilità ad ONG italiane e curde di cooperare a favore della minoranza cristiana nella regione.
L'Italia, uno dei principali partner della Coalizione anti-Daesh, è fortemente attiva nella formazione delle forze militari e di polizia locali, dando un forte e riconosciuto contributo alla stabilizzazione dell'area. Inoltre, il nostro Paese è attivo nella tutela e preservazione del patrimonio culturale e archeologico, attraverso le attività dei Carabinieri della Task Force Unite4Heritage e numerose missioni di università italiane.

Fonte: Ministero degli Esteri

جێگری وەزیری دەرەوەی ئیتاڵیا ئیمانوێلە دێل ڕێ لە باڵەخانەی فارنسینە لە وەزارەتی دەرەوەی ئیتاڵیا پێشوازی لە شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد، بە سەرۆکایەتیی پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی. لە کۆبوونەوەیەکدا دێل ڕێ ئاماژەی بەوەدا ئیتاڵیا لە نزیکەوە چاودێری گەشەکردنی ئەرێنی هەرێمی کوردستان دەکات و پێیوایە کوردستان نموونەیەکی ڕاستەقینەی ئارامی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی کەمایەتی و ئایینە جیاوازەکانە لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا، ئاماژەی بەوەشداوە لەگەڵ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی تاوتوێی چەند پرۆژەیەک و ئایندەی کەمایەتییە ئایینیەکانیان کردووە، سەبارەت بە چۆنیەتی هەماهەنگی و هاوکاریکردنی گەنجەکان.

ئۆمێد خۆشناو: بە یەک پاکێج مامەڵە لەگەڵ پرۆژەی چاکسازیدا دەکەین



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە وەک یەک پاکێج مامەڵە لەگەڵ پرۆژەیاسای چاکسازی، دەکەن. ئۆمێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: لیژنەی هەماهەنگیی پەرلەمان و وەزیرە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت بەردەوامن لە کارکردن بۆ دۆزینەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی. هەروەها ڕایگەیاند: فراکسیۆنی پارتی وەک یەک پاکێج مامەڵە لەگەڵ سەرجەم چاکسازییەکان دەکات و هیچ پرۆژەیەکی چاکسازیش بە تەنیا مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت. پرۆژەیاسای چاکسازی لەاڵیەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادە کراوە و بڕیارە بنێردرێتە پەرلەمان، بۆ پەسەندکردنی.

نەجات عەلی: بە شێوازێکی مۆدێرن هێزەکانی پێشمەرگە یەکدەخەینەوە

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ئەنجوومەنی قەزای خانەقین: دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 خانەقین ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

شاندیکی حکوومەتی هەرێم بەشداری 74مین خولی گفتوگۆکانی ڕێککەوتنامەی سیداو لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف دەکات

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆ حکومییەکان بۆ ساڵی خوێندنی 2015-2016 دەدات



دوێنێ چوارشەمە /2019 10/16 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن کۆبوونەوە. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، گفتوگۆ دەربارەی بابەتی دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی زانکۆ حکومییەکان کرا بۆ ساڵی خوێندنی 2015-2016 لەمبارەیەوە دوای ئەوەی ئارام محەمەد وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی راپۆرتێکی پێشکەشکرد. ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا بە دامەزراندنیان وەک قۆناخی یەکەمی دامەزراندنی یەکەمەکان.

دواتر بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پرۆژەیەکی دەربارەی بەبازاڕکردنی ناوخۆیی گەنمی بەرهەمهێنراو لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو. سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە پێویستە کار لە سەر دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بکەین و هەوڵیش بدەین بازاڕ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزینەوە. ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە ئەنجوومەنی وەزیران لەمبارەیەوە بڕیاریدا چەند وەزارەت و فەرمانگە و دەستەیەکی حکوومەت رابسپێرێت بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەبارەی پرۆژەکە بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدرێت.

ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها گفتوگۆی دەربارەی چەند گرفتێکی پەیوەندیدار بە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی کرد کە لەلایەن کەمال موسلیم وەزیری پیشەسازی و بازرگانی پێشکەش کراو لایەنە پەیوەندیدارەکان راسپێردران بۆ چارەسەرکردنیان.

لە کۆتاییدا وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ڤالا فەرید کورتەیەکی دەربارەی پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان پێشکەشکرد. وەزیرە پەیوەندیدارەکان راسپێردران لە داهاتوویەکی نزیکدا را و سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو مادانە بخەنەڕوو کە پەیوەندیدارن بە کاروباری وەزارەتەکانیان تا لە نزیکترین دەرفەتدا بنێردرێت بۆ پەرلەمان.



وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا سەردانی بەغدا و هەولێر دەکات

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق، وادەی سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسای بۆ بەغدای پایتەختی عێراق و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند و گوتی بڕیارە ئەمڕۆ پێنجشەممە 17ی ئۆکتۆبەر ئەنجامی بدات، سەرچاوەکە گوتی: ئەمڕۆ پێنجشەممە لۆدریان دەگاتە بەغدا و لەگەڵ بەرپرسانی عێراق، گفتوگۆ لەبارەی دۆسیەی دەستگیرکراوانی داعش لای عێراق تاوتوێدەکات.

بەپێی زانیاریی میدیاکان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا لە پڕێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاندووە: پێویستە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق کار لەسەر ئەوە بکەین ڕێگەیەک وەک چوارچێوەیەکی یاسایی دابڕێژین بۆ دادگاییکردنی داعشەکان، بەدڵنیاییەوە لەگەڵ ئەو چەکدارە فەڕەنسیانەی داعش. ڕوونیشی کردەوە کە دوای بینینی محەمەد عەلی حەکیم، وەزیری دەرەوەی عێراق، لۆدریان کۆبوونەوە لەگەڵ سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق ئەنجامدەدات، پاشان دێتە هەرێمی کوردستان، بۆ تاوتوێکردنی هەمان پرس لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان.

هێزەکانی سووریای دیموکرات دەوروبەری 12 هەزار چەکداری داعشیان لە زیندانەکاندا هەیە کە سەرجەمیان لە 7 زیندانیی ڕۆژئاوای کوردستان دان، لەم ژمارەیەش 4 هەزار بیانی هەن. ڕۆژی سێشەممە 15ی ئۆکتۆبەری 2019 ژان ئیف لۆریان، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ئاشکرای کرد کە لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ تاوتوێکردنی بابەتی دەستگیرکراوانی داعش، سەردانی بەغدا و هەولێر دەکات.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە بەڕێوەبەری نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق-هەولێر کرد



سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەممە 2019/10/16 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە نووسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە ئاشڵی دوریک بەڕێوەبەری نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق- هەولێر کرد. لە دانیشتنێکدا کە سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵای پەرلەمانی کوردستان ئامادەی بوو، تیشک خرایە سەر دۆخی سیاسیی هەرێم و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئەو دۆخەی ئێستا کە لە ڕۆژئاوای کوردستان لە ئارادایە.

لەمبارەیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە پەیوەندییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ کرد کە لە هەوڵدان کێشە و گرفتەکانی نێوانیان بە ڕێگەی دیالۆگ و لە چوارچێوەی دەستوور چارەسەر بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوەکان قۆناغی باشیان بڕیوە و وەکو پەرلەمانی کوردستان پالپشتی لە سیاسەت و ستراتیژییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. سەبارەت بە دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و ئەو جەنگەی ڕووبەڕووی بووەتەوە، جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بە مەترسیی دۆخەکە کرد کە لە ئێستادا بەهۆی ئەو جەنگەوە خەڵکی سیڤیلی ناوچەکە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووەو ئاوارەبوونە، هاوکات مەترسیی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش لەئارادایە، ئەمەش نەک هەر بۆ ناوچەکە بەڵکو بۆ هەموو جیهان مەترسیی جدی و گەورە دروست دەکات. لە بەشێکی تری دیدارەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی بەدانیشتنی 2019/10/15ی پەرلەمانی کوردستان کرد و ڕایگەیاند: وەکو یەک تیم دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان یەکهەڵوێست و تەبان لەمەڕ کاری پێکەوەیی بۆ پرسە نیشتیمانی و چارەنووسسازەکان و لە دەرئەنجامی کۆبوونەوەکەش

نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندییەکان دەکات

هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی نوێی سەقامگیری سیاسییدا دەڕوات





12 ڕاسپاردە خراوونەتەڕوو کە ئاراستەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کراوە، وەک لەخۆگرتنی ئاوارەکان لە چوارچێوەی تواناکانی هەرێمی کوردستان و هاتنە سەر هێڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە مەبەستی پێشکەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکانیان و ڕاگرتنی ئەو جەنگەو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە دیالۆگ و بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

لە بەرانبەردا ئاشڵی دوریک بەڕێوەبەری نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا لە عێراق- هەولێر سوپاسی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کرد بۆ ئەم ڕوونکردنەوانە و هیواشی خواست سەرجەم کێشە و گرفتەکان بە ڕێگەی دیالۆگ و بەشێوەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن و ناوچەکە دوور بێت لە جەنگ و خوێنڕشتن و خۆشحاڵیی خۆشی دەربڕی بەو قۆناغە ئەرێنییەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا.

د. دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتیی ئەوروپا بە یاوەری زانا کوردە بەشداری کرد لە یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی لیژنەی تایبەتی پەرلەمانی ئەوروپا بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق. لە میانەی ئەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا (EEAS)و باڵیۆزخانەی عێراق لە بەلجیکا و نوێنەری چەندین باڵیۆزخانە و لایەنی تر ئامادەبوون ئامادەبوون، سەرەتا بەرپرسانی ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری و سەربازیی عێراق پێشکەش بە پەرلەمانی ئەورووپا کرد. بەرپرسانی (EEAS)ناڕەزایی یەکێتیی ئەورووپایان دەربڕی بەرانبەر بە بەکارهێنانی چەک لە دژی خۆپیشاندەران و داوایان لە حکوومەتی فیدراڵی کرد کە هێز بەکارنەهێنێت لە دژی خۆپیشاندەران. پاشان نوێنەری باڵیۆزخانەی عێراق پوختەیەکی سەبارەت بە دوا ڕەوشی شەقامی عێراقی و ڕێوشوێنەکانی حکوومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوواڵاتیان خستەڕوو. لە بەشێکی تری دانیشتنەکەدا سەرۆکی لیژنەکە داوای لە نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد وتەیەک پێشکەش بکات، لە وتارێکدا ئاژگەیی ئاماژەی بە دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و کابینەی نوێتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و ڕایگەیاند: هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی نوێی سەقامگیری سیاسییدا دەڕوات.

هەرچی کێشە هەڵبەستراوەکانیشە لەگەڵ بەغدا، نوێنەری حکوومەتی هەرێم داوای کرد کە یەکێتیی ئەورووپا ڕۆڵێکی کارانەتر بگێڕێت لە نزیککردنەوەی لایەنەکان و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بە تەواوی و گرنگە ناوچە جێناکۆکەکان بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان بگەڕێنەوە بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەستووری عێراق و هێزی پێشمەرگە و سوپا پێکەوە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکەن. لە دوا گوتەیەکدا دلاوەر ئاژگەیی سەبارەت بە ڕەوشی کوردستانی ڕۆژئاوا مەترسیی سەرهەڵدانی قەیرانێکی گەورەی مرۆیی خستەڕوو و داوای کرد کە یەکێتیی ئەورووپا هاریکاری پتری هەرێمی کوردستان بکات. هەروەها د. دلاوەر خالید ئاژەگەیی بانگێهشتی لیژنەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق کرد کە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

کوردستانی ڕۆژئاوا بگرێتەخۆی، بەڵام توانا کانی لەو بوارەدا سنووردارە، بەهۆی نیشتەجێبوونی زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئاوارەی سووری و ئاوارەی ناوخۆی عێراقی لە هەرێمی کوردستان و لەبارنەبوونی بواری دارایی و ئابووریی هەرێم وەکو پێویست نییە. ئاژگەیی داواشی کرد یەکێتیی ئەورووپا هاریکاری پتری هەرێمی کوردستان بکات. هەروەها د. دلاوەر خالید ئاژەگەیی بانگێهشتی لیژنەی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق کرد کە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

ئەنجوومەنی قەزای خانەقین: دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 خانەقین ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە

سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای خانەقین ڕایدەگەیەنێت: پاش 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017 خانەقین ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە و زیاتر لە 200 تەقینەوە لە شارەکە و دەوروبەری ڕوویاندا و بەهۆی مەترسیی گرووپە تیرۆریستییەکانیش، ژمارەیەک گوندی کوردنشین چۆڵکراون.

سەمیر محەمەد نوور، سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزای خانەقین، بە خەباتی ڕاگەیاند: پێش 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەهۆی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە سنووردا، دۆخی ئەمنی بەتەواوی خراپ بووە و خانەقین ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە و زیاتر لە 200تەقینەوە لە شارەکە و دیکەی عێراق و پارێزگای دیالە هاتوونەتە سنووری خانەقین. گوتیشی: بەڵام لەپاش 16ی ئۆکتۆبەر و نەمانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش لە سنوورەکە، دۆخی ئەمنی بەتەواوی خراپ بووە و زیاتر لە 200تەقینەوە لە شارەکە و 150 هەزار ئاوارەی شارەکانی دەوروبەری ڕوویانداوە و تا ئێستاش نەتواندراوە دۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت. ئاماژەی بەوەشدا لە پاش 16ی ئۆکتۆبەر و نەمانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش لە سنوورەکە، دۆخی ئەمنی بەتەواوی خراپ بووە و خانەقین ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە و زیاتر لە 200تەقینەوە لە شارەکە و 400 خێزانیش لەناو شاری خانەقین بەرەو شارەکانی هەرێمی کوردستان کۆچیان کردووە. سەمیر محەمەد نوور، جەختی کردەوە: خانەقین پێویستی بە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایشە بۆ ئەوەی ئارامیی بۆ بگەڕێتەوە، تا ئێستاش چەند جارێک بە فەرمی داوامان کردووە، بەڵام داواکەمان جێبەجێ نەکراوە.

yasinheja@yahoo.com وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/17 ژمارە (5851)
خەبات

ڕاگەیەنراوی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حزب و لایەنە کوردستانییەکان

پێویستە سەرجەم لایەنەکان بە یەکگوتار لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ گفتوگۆ بکەن

دەبێت دامەزراوەکانی هەرێم توانا سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان بخەنەگەڕ بۆ زامنی مافەکانی پێکهاتەکانی سووریا



دوێنێ چوارشەممە 2019/10/16 لە شاری هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سکرتێر و سەرۆک و نوێنەرانی حزبە بەشدارەکانی پەرلەمانی کوردستان، کۆبووەوە.

لە ڕوانگەی هەستکردن بە هەستیاریی ئەم قۆناغەی ناوچەکە و عێراق و هەرێمی کوردستان پەیدا تێدەپەڕێت و بەمەبەستی بیرورا گۆڕینەوە و یەکخستنی هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەر داوای فەرمیی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکخرا.

تەوەرەکانی کۆبوونەوە بریتی بوون لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ، گرفت و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، کاریگەرییەکانی جموجۆڵی سەربازی لە سووریا و لێکەوتەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی هەرێم لەگەڵ ڕووداوەکاندا.

دەربارەی دۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، سەرجەم ئامادەبووان کۆک بوون لەسەر پێویستیی بەردەوامیی ئەم کۆبوونەوانە بە شێوەیەکی دەوری بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو، بۆ ئەم هەنگاوەش سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیان وەک بالاترین دامەزراوەی دەستووری و یاسایی و نیشتمانیی هەرێمی کوردستان و چەترێی کۆکەرەوەی سەرجەم لایەن و پێکهاتەکان، بە گونجاوترین شوێن دانا کە ئەم پرۆسەیە بەردەوامی پێ بدات.

ئامادەبووان هاوڕەنگ بوون کە ئەرک و مافە نیشتمانییەکان هی هەموو لایەن و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە و دەبێ ئەو ئەرک و مافانە لەسەر بنەمای هاونیشتیمانیبوون پیادە بکرێت و هەموان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، لەمەدا بەشدار بن.

دەربارەی بارودۆخی سەرتاسەری عێراق و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق، کۆبوونەوە بە پەسەندی زانی کە سەرجەم لایەنەکان تواناکانیان یەک بخەن و بە یەک گوتار لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و لایەنە سیاسییەکانی عێراق گفتوگۆ بکرێت بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لە بابەتەکانی بودجە و چارەسەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەپێی دەستوور و سەرجەم مافەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بە ڕێگای گفتوگۆیەکی جددی و دامەزراوەیی، هەروەها کارکردن بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران و یەکخستنی هەموو تواناکان لە سەرۆکایەتیی کۆمار و حکوومەتی فیدراڵی و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، بە پێویست زانی. کۆبوونەوە جەختی لە پێویستیی عێراق بە سەقامگیری و ڕەچاوکردنی دۆخی هەستیاری ناوچەکە و داوا ڕەواکانی هاوواڵاتیان و دوورکەوتنەوە لە تووندوتیژی و پاراستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت کردەوە.

دەربارەی بارودۆخی سووریا و ئاڵۆزییە سەربازییەکانی ناوچەکە، کۆبوونەوە بە بایەخەوە هەڵوەستەی لەسەر ئەو بابەتە کرد و بە پەسەند زانرا سیاسەتێکی واقیعیانە بگیرێتە بەر کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل و خاکی هەرێمی کوردستان تیایدا پارێزراو بێت و دامەزراوەکانی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان هەموو توانا سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان بخەنە گەڕ بۆ هەرچی زووتر کۆتاییهاتن بە شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگاچارەی ئاشتیانە و گفتوگۆکە زامنی مافەکانی تەواوی پێکهاتەکانی سووریا بێت.

لایەنە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان
٢- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٣- بزووتنەوەی گۆڕان
٤- کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان
٥- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٦- هاوپەیمانیی یەکێتیی نەتەوەیی
٧- پارتی گەشەپێدانی تورکمانی
٨- حیزبی سۆشیالست دیموکراتی کوردستان
٩- حزبی شیوعیی کوردستان
١٠- بزووتنەوەی ئاشووری
١١- بەرەی تورکمانی
١٢- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
١٣- پارتی چاکسازیی تورکمانی
١٤- ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری
١٥-لیستی میللەت
١٦- لیستی ئەرمەن

لە هەولێر کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

د. ڕۆژ نووری شاوەیس: کۆبوونەوەکە ئەوڵەویەتی یەکەمی بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستانە

دڵشاد شەهاب: هەموو لایەنەکان کۆکبوون لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان





دوێنێ چوارشەممە 2019/10/16 کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە بە دەستپێشخەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی و بە ئامادەبوونی، هەریەک لە جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆسرەت ڕەسوڵ، ڕێکخەریی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، عومەر سەید عەلی، ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان سەلاحەددین بەهائەددین، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان عەلی باپیر، سکرتێری پارتیی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان، باپیر کامەلا، سەرۆکی پارتی چاکسازیی تورکمان، عەبدولقادر بازرگان، ئەندامی بەرەی تورکمانی عێراقی، ئایدن مەعروف، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی بێت نەرین ڕۆمیو هەکاری بەڕێوەچوو.

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژ نوری شاوەیس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بە ئەجێندای کۆبوونەوەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، گوتی: کۆبوونەوەیەکی گرنگ بوو، ماوەیەکی زۆرە سەرکردە و کەسایەتیی حزبەکان کۆنەبوونەتەوە، بەتایبەت لەم دۆخە دەستپێشخەرییەکی زۆر بەجێیە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بانگەوازی بۆ ئەم کۆبوونەوە کردووە و سەرجەم حزبەکان ئامادەبوون، باسی دۆخی هەرێمی کوردستان و بابەتی بەغدا و دۆخی سووریا کرا. ڕۆژ نووری شاوەیس گوتیشی: ئەنجامی کۆبوونەوەکە ئەوەبوو کە ئەم کۆبوونەوەیە بە شێوەیەکی دەوری بەڕێوەبچێت و بۆچوون ئاڵوگۆڕ بکرێت و ئەم کۆبوونەوەیە وەک سەرۆکایەتی هەرێم دەستنیشانی کردووە کە ئەوڵەویەتی یەکەم بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان بێت.

هاوکات ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، دڵشاد شەهاب گوتی: لە کۆبوونەوەکەدا داواکرا تواناکانی هەرێم یەکبخرێت و فیدراسیۆنێک لە پۆستە کوردستانییەکان لە بەغدا پێکبهێنرێت و داوای مافەکانی گەلی کوردستان بکرێت لەسەر ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارە هەرێم و بابەتەکانی دیکە و هەر چییەکی کوردستانی لە بەغدا هەیە و کۆی بکاتەوە و لە چوارچێوەیەکی فیدراسیۆنێکی یەکگرتوو کارەکان بکات.

ڕاوێژکار لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، دڵشاد شەهاب، گوتیشی: کۆبوونەوەکە لەسەر داوای فەرمیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی بوو، بۆ هەڵسانگاندنی دۆخی ناوچەکە، عێراق و هەرێمی کوردستان، تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بریتیی بوون لە باسکردنی چۆنیەتی یەکخستنی تواناکانی ناوخۆمان بۆ ئەوەی لە پرسە نیشتمانییەکان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە، لەمەدا بەشدار بن.

دەربارەی بارودۆخی سەرتاسەری عێراق و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق، کۆبوونەوە بە پەسەندی زانی کە سەرجەم لایەنەکان تواناکانیان یەک بخەن و بە یەک گوتار لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ و لایەنە سیاسییەکانی عێراق گفتوگۆ بکرێت بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کوردستان لە بابەتەکانی بودجە و چارەسەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەپێی دەستوور و سەرجەم مافەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بە ڕێگای گفتوگۆیەکی جددی و دامەزراوەیی، هەروەها کارکردن بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران و یەکخستنی هەموو تواناکان لە سەرۆکایەتیی کۆمار و حکوومەتی فیدراڵی و نوێنەرانی هەرێمی کوردستانی لە ئەنجوومەنی نوێنەران، بە پێویست زانی. کۆبوونەوە جەختی لە پێویستیی عێراق بە سەقامگیری و ڕەچاوکردنی دۆخی هەستیاری ناوچەکە و داوا ڕەواکانی هاوواڵاتیان و دوورکەوتنەوە لە تووندوتیژی و پاراستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت کردەوە.

دەربارەی بارودۆخی سووریا و ئاڵۆزییە سەربازییەکانی ناوچەکە، کۆبوونەوە بە بایەخەوە هەڵوەستەی لەسەر ئەو بابەتە کرد و بە پەسەند زانرا سیاسەتێکی واقیعیانە بگیرێتە بەر کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل و خاکی هەرێمی کوردستان تیایدا پارێزراو بێت و دامەزراوەکانی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان هەموو توانا سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان بخەنە گەڕ بۆ هەرچی زووتر کۆتاییهاتن بە شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگاچارەی ئاشتیانە و گفتوگۆکە زامنی مافەکانی تەواوی پێکهاتەکانی سووریا بێت.

لایەنە بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکە:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان
٢- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٣- بزووتنەوەی گۆڕان
٤- کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان
٥- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
٦- هاوپەیمانیی یەکێتیی نەتەوەیی
٧- پارتی گەشەپێدانی تورکمانی
٨- حیزبی سۆشیالست دیموکراتی کوردستان
٩- حزبی شیوعیی کوردستان
١٠- بزووتنەوەی ئاشووری
١١- بەرەی تورکمانی
١٢- پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان
١٣- پارتی چاکسازیی تورکمانی
١٤- ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری
١٥-لیستی میللەت
١٦- لیستی ئەرمەن

نەجات عەلی: بە شێوازێکی مۆدێرن هێزەکانی پێشمەرگە یەکدەخەینەوە

بەرپرسی یەکەی هەشتای پێشمەرگە ڕایگەیاند: هەوڵدەدین بە شێوازێکی مۆدێرن هێزەکانیان یەکبخەنەوە، هاوکات هەولیش دەدەن لەگەڵ سوپای عێراقدا بگەنە ڕێککەوتن تا پێکەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بپارێزن. جەختیشی لەوە کردەوە، کە سوپا بە تەنیا ناتوانێت ئەو ناوچانە بپارێزێت. بەگوێرەی مالپەڕی پارتی، نەجات عەلی، لەمیانەی دەرچوونی خولێکی سێ مانگی بۆ 791 پێشمەرگەی یەکەی هەشتا لە سۆران، ڕایگەیاندووە کە هەوڵەکانیان بۆ بەرجەستەکردنی سەربازییە لەسەر بنەمای نیشتیمانپەروەری و بەرزکردنەوەی تواناکانیان لە بەرانبەر هەر مەترسییەک کە لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت، جەختیشی لەوە کردەوە، هێزی پێشمەرگە لە ڕابردووشدا سەلماندوویەتی کە دەتوانێت هەرێمی کوردستان لە ئاست مەترسییەکاندا و لە بەرانبەر تیرۆریستانی داعشدا بپارێزێت، هاوکات پێشمەرگەشی بە سیمبۆلی پێکەوەژیان و ئاشتی وێنا کرد.

بەرپرسی یەکەی هەشتای پێشمەرگە، گوتیشی: لە لایەک بارودۆخی ناوچەکە لەبەردەم پێشهات و گۆڕانکاریدایە و هەستی پێدەکرێت، لە لایەکی دیکەیش داعش لە هەوڵی یەکخستنەوەی خۆیان و ڕۆژانەش کردەوە تیرۆریستییەکانیان لە زیادبوونداین، بۆیەشە پێویستیان بە هێزێکی ڕێکخراوی مەشقپێکراو هەیە، تا بتوانن ڕووبەڕووی مەترسییەکان ببینەوە.



کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبن

بەگوتەی قایمقامی قەزای بەردەڕەش کە دوێنێ چوارشەممە ڕایگەیاندووە، نزیکەی 400 پەنابەری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دەگەنە شارۆچکەی بەردەڕەش و لە کەمپی بەردەڕەش نیشتەجێ دەکرێن.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 2019/10/9 سوپای تورکیا و گرووپە تووندڕۆکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، هێرشی زەمینی و ئاسمانییان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد و بەهۆیەوە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان لە ڕەوشێکی خراپدان و ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبن.

خەلیل مەحمود، قایمقامی قەزای بەردەڕەش، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: بڕیارە ژمارەیەک پەنابەری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان لە پارێزگای دهۆکەوە بگەنە شاروچکەی بەردەڕەش، کە ژمارەیان 140 خێزانە و نزیکەی 400 کەس دەبن. قایمقامی بەردەڕەش، گوتیشی: لە ڕێگای بۆردی کاروباری مرۆڤایەتیی پارێزگای دهۆکەوە ئامادەکاریی خۆمان کردووە بۆ پێشوازیکردن لەو پەنابەرانە وەکو قۆناغی یەکەم دەگەنە شارۆچکەی بەردەڕەش. ناوبراو ڕاشیگەیاند: ئەو پەنابەرانە لە کەمپی بەردەڕەش دێنە نیشتەجێکردن، کە پێشتر ئاوارەکانی تێدا بوو. قەزای بەردەڕەش ، سەر بە پارێزگای دهۆکە و دەکەوێتە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و مووسڵ و دوو کەمپی تێدایە و یەکێک لەوان کەمپی گەوێلانە، کە ماوەی زیاتر لە 5ساڵە پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستانی تێدایە.

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/10/17 ژمارە (5851)
خەبات

پەیوەندیی تەلەفۆنیی نێوان زاڵم و مەزڵووم

زاڵم: های مەزڵووم، چۆنن، باشن؟
مەزڵووم: زۆر سوپاس، جا چۆنین؟ لەژێر ئاگرداین و ئێوەش پشتتان لە ئێمە کرد.
زاڵم: پشت لە ئێوە ناکەین، تەسەوڕی ناکەی چەند لای ئێمە خۆشەویستن!
مەزڵووم: ئەی پشت تێکردن چۆنە؟ لە هەموو لایەک هێرشە بۆ سەر ئێمە و ئێوەیش بە هەناسەساردی پشتتان لە ئێمە کرد و هەر دەڵێن دەڕۆین.
زاڵم: هممم، دەی باشە بۆ شتێک نەکەین؟ چەند دۆلار دەدەی بۆ ئەوەی پشتتان تێ نەکەین؟ دۆلار بدە، هەموو شتێک چاک دەبێ!
مەزڵووم: دۆلارمان لە کوێ بوو؟ نیمانە، ئێمە خوێنمان داوە، بە هەوای ئێوە بەرخودانمان کردووە، نازانی چەند شوێنمان گرت؟
زاڵم: هایهووو. خوێن، خوێن. خوێن و مووێن لای من نایخوا... فەقەت دۆلار، دۆلارت هەبێ هێز دەنێرین، نەبێ نانێرین.
مەزڵووم: باشە ئەمە مانای چییە؟ ئێمە متمانەمان بە بەڵێنەکانی ئێوە کرد، بە قسەی کەسی ترمان نەکرد. گوێمان بە نەسیحەتی دەوروبەرمان نەدا، لایەنە کوردییەکانی خۆمان بێ بەش کرد و لەگەڵیان ڕێک نەکەوتین. ڕۆچوویەنە دژایەتی لەگەڵ هەرێم، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن کەوتینە بەرانبەر یەک. پشتمان لە ڕژێمیش کرد کە پێشتر دۆستمان بوون، لەسەر ئێوە لە هەموو شتێک بووین و ئێستا ئێوە دەماندەنە دەست گورگەکان؟ وەڵلا ئێوە زۆر بێ بەڵێن دەرچوون، ئەوە چ مەعقولە؟
زاڵم: مەزڵووم گیان، خۆشمان دەوێی، بەڵام کەمێک واقعی بە، ئممم ئاا، خۆ دەزانم لای ئێوە لەمێژە شەڕ و شۆڕە. بەڵام بەینی خۆمان بێ با ئەوەشت پێ بڵێم، لە شەڕی دووەمی جیهانی و شەڕی نۆرماندی ئێوە یارمەتی ئێمەتان نەدا. لە جەنگەکەی پێرل هابەربش هێزی دەریایی کورد لەگەڵ ژاپۆنییەکان بوون.
ئێستایش ئەگەر دۆلارتان هەیە ئەهلەن وسەهلەن، ئەگەر نیتانە، بەخوا نەتاندیت. بۆخۆتان بڕۆن داوای یارمەتی لە ناپلیۆن بکەن یا ژەنڕاڵ دیگۆل، ئەوانیشتان دەست نەکەوت چەرچل یا ماو تسی تۆنگ، نازانم، عیلاجی خۆتان بکەن.

شاندیکی حکوومەتی هەرێم بەشداری 74مین خولی گفتوگۆکانی ڕێککەوتننامەی سیداو لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف دەکات

بڕیارە لە ڕۆژانی 21-2019/10/24 لە بارەگای ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێف خولی ٧٤ ی لێژنەی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ئافرەتان (سیداو) بەستێت بە ئامادەبوونی پسپۆڕ و شارەزایانی لێژنەی (سیداو) و نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام لە ڕێککەوتننامەکە و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان بە بواری ئافرەتان بۆ گفتوگۆکردنی حەوتەمین ڕاپۆرتی خولی عێراق. لەم گفتوگۆیانەدا شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق بەشدار دەبێت لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامیەتی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پەروەردە و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی تری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خستنەڕووی هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری و تووندوتیژی خێزانی بەتایبەتی ئەو یاسای و ڕێنماییانەی کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دەرچوون و ڕۆڵی دامودەزگا تایبەتمەندەکانی هەرێمی کوردستان لە بنەبڕکردنی تووندوتیژی و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان.
شایەنی باسە د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کە لە هەمانکاتدا ئەندامی لێژنەی نیشتمانیی نووسینەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق ئەندامە تێیدا و پەیوەستن بە بابەتی پاراستن و پێشخستنی ڕەوشەکانی مافی مرۆڤ، سەرۆکایەتیی شاندی هەرێمی کوردستان دەکات لە چوارچێوەی شاندی حکوومەتی فیدراڵ.



ئەمەریکا.. دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوە لە دژی هالک بانکی تورکی کرایەوە

هالک بانکی تورکی بە پێشێلکردنی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران تۆمەتبار کرا و داواکاری ناوچەی باشووری نیویۆرک دۆسیەیەکی لە دژی هالک بانک کردەوە. داواکاری ناوچەی باشووری نیویۆرک، بە تاوانی پێشێلکردنی سزاکانی ئەمەریکا دژ بە ئێران، دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر هالک بانک کردەوە. لە ڕاگەیەندراوێکی نووسراودا کە لەلایەن داواکاری ناوچەی باشووری نیویۆرک بڵاوکراوەتەوە هاتووە کە، هالک بانک تۆمەتبارە بە پێشێلکردنی سزاکانی ئەمەریکا دژ بە ئێران، داواکاری گشتی ناوچەی باشووری نیویۆرک ڕاشیگەیاندووە کە شەش تۆمەتی جۆراوجۆر لەم بارەیەوە ئاڕاستەی هالک بانک کراوە و بانکەکە پێویستە لەمبارەیەوە وەڵامدەر بێت.

د. سالار عوسمان: لە پاڵ بواری کتێبدا دەمانەوێت پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ جیهاندا دروست بکەین

کوردستان هەوڵی ئەندامێتیی میوانی شەرەف لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە فرانکفۆرت دەدات



ئەمساڵ نەرویژ مافی میوانی شەرەفی پێبەخشراوە لە خولی 71هەمین پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب، کە لە فرانکفۆرت دەکرێتەوە، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیش دەڵێت: لە پێشانگەکەدا چەندین کەسایەتی و نووسەر و ڕوناکبیری کوردستان کۆڕ و سیمینار پێشکەش دەکەن و هەرێمی کوردستانیش هەوڵ دەدات ئەندامێتیی میوانی شەرەفی پێ بەخشرێت، هاوشێوەی وڵاتان و هەرێمەکانی تر. بە میواندارى شەرەفی سەرپەرشتیاری میوانی شەرەف وڵاتی نەرویژ، خولی 71هەمین پێشانگەی کتێبی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا بە دروشمی خەونێک لە ئێمەدا، بە بەشداریی زیاتر لە 100 وڵاتی جیهان و دە هەزار ڕۆژنامەنووس و ژمارەیەکی زۆر نووسەر و هونەرمەند و ئەدیبە جیهانییەکان و سەرۆکوەزیرانی چەندین وڵات و هەرێم بەڕێوە دەچێت.

د. سالار عوسمان، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: ئەمسالیش وەک ساڵانی ڕابردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان بە ستاندێک بەشداری پێشانگەکە دەبێت، شاندی هەرێمی کوردستانیش بریتییە لە شاندی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە پێکهاتوون لە خەرمان هیرانی، فرمێسک مستەفا، شێروان عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن بە وەکالەت، سەرباز جەوهەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانەکان و بەندە، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان.
بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، دەشڵێت: ئەمساڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ڕێگەی چەند ناونیشانێکی کتێبەوە جیاواز لە زمان و ناوەڕۆک بەشداری کردووە، لە پاڵ بواری کتێبیشدا گەرەکمانە پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ دامودەزگا کولتووری و ڕووناکبیری و چاپەمەنییەکانی جیهان دروست بکەین، هەروەها خاڵێکی تری چالاکییەکان بریتییە لە ڕێزلێنان لە نووسەران و ڕووناکبیران و هونەرمەندانی کورد، ئەم کەسایەتییانەی ڕێزیان لێ دەگیرێت، بریتین لە لانە عەلی سەعید شانۆکار، نەوزاد عوسمان کەسایەتیی ڕووناکبیر، لوقمان بەرزنجی ڕۆژنامەنووس و نووسەر، بەکر شوانی نووسەر و وەرگێڕ، وەجیهە عەبدوڵڕەحمان سەعید کەسایەتیی ڕۆژئاوای کوردستان و بەرزان هەستیار.
د. سالار ڕووندیشی کردەوە: هەر لە چوارچێوەی پێشانگەکە سیمینار و کۆڕ بۆ نووسەر و ڕووناکبیر بەختیار عەلی، ڕۆمانووس جان دۆست، نووسەر و ڕۆماننووس بەیان سەلمان دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردی، هەڵۆ مەنتک، ئەم ڕووناکبیرانەی کە سیمینارییان هەیە، بەشێکیان لە ئەوروویان و گشتیان دەیانەوێت لێرە ئەزموونی نووسین زیاتر فێر بن، هەروەها جان دۆست بەرهەمەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و واژووی بەرهەمە نوێیەکەشی دەکات، لەم چالاکییانەشدا دەمانەوێت ڕاستییەک پشتڕاستبکەینەوە، وەک بەشداریی بەردەوامی سالانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی بتوانین سالانە بەشداری بکەین و ببین بە میوانی شەرەف، کە زۆر گرنگە، چونکە سالانە وڵاتێک یان هەرێمێک دەبێت بە میوانی شەرەف و ئەمساڵیش نەرویژ بووەتە میوان، کە ئێمە بەر لە ماوەیەک بەشداریمان لە ڕێوڕەسمی ناساندنی نەرویژ کرد، وەک میوانی شەرەف لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی فرانکفۆرت.

فایزە کێوی

هەڵبژاردنی نوێنەرانی سەندیکای پارێزەران بەڕێوەدەچێت

میران عوسمان، کاندیدی لیستی برایەتیی پارێزەران بۆ خەبات:

باج و شکۆی پارێزەران و جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە پارێزەران ئەوڵەویەتی کارەکانمان دەبێت

لەسەروبەندی ئامادەکارییەکانی شەشەمین کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کە بڕیارە سبەی 17ی تشرینی یەکەم هەڵبژاردنی نوێنەرانی پارێزەران بۆ کۆنگرە بەڕێوەبچێت، لیستی برایەتی پارێزەران وەک لیستێکی کاریگەر و بەهێز بەشداڕە و چەندین پارێزەری بە توانا و بە ئەزموون لەخۆدەگرێت و خۆیان کاندیدکردووە تا بتوانن لە کۆنگرە بینە داکۆکیکار لە ماف و شکۆی پارێزەران، بۆ خستنەڕووی وردەکارییەکان، پارێزەری ڕاوێژکار میران عوسمان کاندیدی لیستی برایەتی پارێزەران لە سلێمانی لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەبات، وەڵامی چەند پرسیارێکی دایەوە.

دیمانە: بەختیار مەلا ئەحمەد

*** لە ئێستادا چ ئامادەکارییەکتان کردووە بۆ کۆنگرە؟**

– بەپێی یاسای ژمارە 17ی ساڵی 1999 و ماددەی 48 لە یاساکەدا هاتووە دەبێت دەستەی گشتیی پارێزەران لە کۆنگرەی گشتی هەر سێ ساڵ جارێک کۆببنەوە، واتە کۆنگرە ببەستردێت، ئەمەش لەسەر بانگهێشتی ئەنجوومەنی سەندیکا دەبێت کە لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە کە ڕێژەکەیان لە لایەن ئەنجوومەنی سەندیکاوە دیاری دەکرێت، هەر بۆیە ئەنجوومەنی سەندیکا لە ئێستادا هەموو ئامادەکارییەکی کۆردووە و ڕۆژی 2019/10/17ی دانـاوە بۆ هەڵبژاردنی نوینەرەکانی کۆنگرە لە سەرجەم پارێزگاکانی هەولێر و سـلێـمـانی و دهۆک کەرکووک و هەڵەبجە، ئەمەش دوای ئـەوە دێت کـە چـەنـد لیستێک کاندیدەکانی خۆیان نارد سەندیکا و سەندیکاش پەسەندی کرد، لە ئێستاشدا ئێمە وەک لیستی برایەتی پارێزەران بەشداڕین.

*** سەرەتا وەک پارتی دیموکراتی کوردستان بە لیستی پارێزەرانی کوردستان بەنیازبوون، بەڵام دواتر کرا بە لیستی برایەتی پارێزەران و بەشێوەی هاوپەیمانی بەشدار دەبن؟**

– بەڵێ، ڕاستە ئێمە وەک پارێزەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتادا بەناوی لیستی پارێزەرانی کوردستان بوو کە تەواوی پێکهاتەی لیستەکە پارێزەرانی پارتی بوو، بەڵام دواتر دوای چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە پارێزەرانی یەکێتی داوایان کرد کە بە یەک لیست بەشداربین، بۆیە بڕیارماندا بە یەکخستنی هەردوو لیستی شکۆی پارێزەران و لیستی پارێزەرانی کوردستان و سەرئەنجام ناونرا (لیستی برایەتی پارێزەران) کە ئەمەش لە دونیای کاریگەی نۆرماڵە و هەمووکات دەکرێت تەوافوقی سیاسی بکرێت، چ لە پێش هەڵبژاردن بێت یان دوای هەڵبژاردن.

*** وەک لیستی برایەتی پارێزەران چ پرۆژەیەکتان ئامادەیە بۆ بەرجەستەکردنی مافە ڕەواکانی پارێزەران تا لە کۆنگرە کاری لەسەر بکەن؟**

– کۆنگرەی پارێزەران کۆنگرەیەک دەبێت کە تیایدا هەموو ئەو بابەتانەی کە بوونەتە خەمی پارێزەران تیایدا دەبێتە جێی گفتوگۆ، ئێمە وەک لیستەکەمان ئەجێندای زۆربەش دەبەینە کۆنگرە و ئێمەش پشتگیری یاساییمان دەبێت بەپێی ماددەی 49ی هەمان یاسا پالپشتی دەکرێین، بابەتەکانی باجی سەر پارێزەران و گەڕانەوەی شکۆی کاری پارێزەرایەتی و جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بە پیشەکەمان لە ئەوڵەویەتی کارەکانمان دەبێت، بۆیە دڵنیابن کۆنگرەیەکە جیاواز دەبێت لە کۆنگرەکانی تر، وا دەکەین متمانەپێکردنی پارێزەران بە ئێمە لە جێی خۆیدا بوبێت.

*** تا چەند دەتوانین بڵێین شەشەمین کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان کۆنگرەیەکی نەوعی دەبێت، گەشبینن بەم کۆنگرەیە؟**

– بەوپێیەی ڕۆحێکی تازە بۆ کارکردن لەپێناو دەستەبەرکردنی خواستەکانی پاریزەر لەنێوان کاندیدەکان هەیە، دڵنیاین کە کۆنگرەکەمان پڕ دەبێت لە کاری باش و گفتوگۆی زۆر ئەرێنی لەسەر پرسەکانی تایبەت بە سالانەی پارێزەران و گەڕانەوەی شکۆ بۆ پارێزەران لەناو دادگاکان و تەواوی دامودەزگاکانی حکوومەت، هاوکات کارەکەین بۆ بە ئەلیکترۆنیکردنی تازەکردنەوەی پێناس و پشتگیریی پارێزەران.

*** پەیامی لیستەکەتان لێرەوە بگەیەنن بە پارێزەران؟**

– پەیامی کۆتایی ئێمە، بریتییە لەوەی داوا دەکەین سەرجەم پارێزەران بەشداربن لە هەڵبژاردندا و دەنگ بدەن بەو لیستەی دەزانن کاری باش دەکات و کار دەکات بۆ گەڕانەوەی شکۆی پارێزەران کە ئەمەش لە خواست و ئەجێندا و کارەکانی لیستی برایەتیی پارێزەران ڕەنگ دەداتەوە.

پالێورانی هەڵبژاردنی 2020ی ئەمەریکا ڕەخنە لە بڕیارەکانی ترەمپ دەگرن

تولسی گابارد: خوێنی کوردانی ڕۆژئاوا بە دەستی ترەمپەوەیە

لەکاتێکدا پێش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئەمەریکا کە 2020 بەڕێوەدەچێت، پالێوراوان بۆ کاندیدی دیموکراتەکان لە پەخشی ڕاستەوخۆدا بۆچوونەکانیان خستەڕوو، بیمەی تەندروستی و بڕیارەکەی سەرۆکی ئەو وڵاتە، دۆنالد ترەمپ سەبارەت بە سووریا دوو بابەت بوون کە زۆرترین قسەوباسیان لەبارەوە کرا. مشتومڕەکە کە لە کەناڵی CNNی ئەمەریکی ڕاستەوخۆ پەخشکراو لە شاری ئۆهایۆ بەڕێوەچوو، 12 پالێوراو بۆ کاندیدی دیموکراتەکان بەشداریان تێداکرد. لەکێبڕکێکەدا هەر یەک لە جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، جۆ بایدن و سیناتۆری ڤێرمۆنت، بێرنی ساندێرس و سیناتۆری ماساچووسێتس، ئێلیزابێس وارن لەگەڵ نۆ پالێوراوی کاندیدەکەی دیکە بۆچوونەکانیان سەبارەت بە زۆر بابەت خستەڕوو. لە مشتومڕەکەدا و لە بەشی سیاسەتی دەرەوەدا تەواوی دیموکراتەکان بە زمانێکی ڕوون ڕەخنەیان لە بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ گرت بۆ کشانەوە لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا. لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی تورکیا، بایدن ڕایگەیاند: کێشەی سەرەکی تورکیایە و ترەمپ ڕێگەیدا بە کوشتنی کوردەکان. بایدن کە جێگری ئۆباما بوو کە لە سووریا پشتیوانی لە یەپەگە کرد، کاردانەوەی نیشاندا بەرانبەر ئۆپەراسیۆنی تورکیا دژ بە کوردانی ڕۆژئاوا. پالێوراوێکی دیکەی کاندید کە حاکمی هاوایییە، تولسی گابارد کە پێشتر بە لێدوانە پشتیوانیەکانی لە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەبووە بابەتی ڕۆژەڤ، ڕەخنەی لە ترەمپ گرت و ڕایگەیاند: خوێنی کوردانی سووریا بە دەستی ترەمپەوەیە. وارن بە گوتنی بەدڵنیاییەوە دەبێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەرچین، بەڵام بە شێوەیەکی ژیرانەتر، لەگەڵ بەشێک لە بڕیارەکەی ترەمپ بوو، بەڵام پێیوابوو شێوازەکەی هەڵە بووە. لای خۆیەوە ساندێرس باسی لەوە کرد کە چیدیکە تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکا نییە و ئەوەی خستەڕوو کە ترەمپ کوردەکانی تەنها کردووە و جێیهێشتوون.

بێرنی ساندێرس: چیدیکە تورکیا هاوپەیمانی ئەمەریکا نییە

پانۆرامای سەردانی فەرمی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بۆ کۆماری پۆلۆنیا

بەشی دووەم و کۆتایی

شاندێکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لە چەند ڕۆژێ ڕابردوو دا زنجیرەیەک دیداری سیاسی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەیی و ناوەندەکانی شیکاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی پۆلۆنیا ئەنجام دا.



شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان هەروا لە وارشۆی پایتەخت لە لایەن دکتۆر کارۆل ڤاسیلێڤسکی ، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و ئۆفیسی تۆێژینە و تیمێکی پسپۆر لە تۆێژەرانی ئەنستیتۆی پۆلۆنیا بۆ پرسە نێو دەوڵەتییەکان بە گەرمی پێشوازی کران. تێڕوانین و تۆێژینەوەکانی ئەنستیتۆی ناوبراو لە بواری پرسە نێودەوڵەتی و ستراتیژییەکان لە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیاوە نزیکن و لە ڕابردووش دا ئەنستیتۆی پۆلۆنیا بۆ پرسە نێودەوڵەتییەکان چەندین تۆێژینەوەی گرنگیان سەبارەت بە پرسەکانی هەرێمی کوردستان و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و پەیوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان بڵاو کردۆتەوە. شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لەو دیدارە سیاسی و شیکارییەی لەگەل ستافی ئەنستیتۆی پۆلۆنیا بۆ پرسە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دا تیرۆرانینی (پ.د.ک) لەسەر دۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە خستە ڕوو و ئێستا و ئایندەی هەرێمی کوردستانی لە بەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و پێوەندی ئیتحادی نێوان عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دیدگای پارتی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی دۆزی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان ڕوانگەی پارتی بۆ قۆناغی پۆست داعش و پۆست ڕیفراندۆم و کاینەیەی تازەی حکوومەتی هەرێم و ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان و پشتیوانی نێودەوڵەتی لە هەمبو بوارەکان دا و ناکۆکییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان ، هەروا بەرەودان بە پەیوەندییەکانی نێوان پۆلۆنیا و کوردستان بەتایبەتی و ئامانجی سەردانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بۆ تۆێژەران و ستافی ئەنستیتۆی پۆلۆنیا لە وڵامی پرسیار و تێڕوانینیان لەسەر پرسی کورد و پرسەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پرسە نیودەوڵەتییەکان و گۆڕانکارییە نوێکان لەم بوارانەدا لە ڕووی ئابووری و سیاسی و ئەمنییەوە و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعود بارزانی و گەورە بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمدا کۆبوونەوە و پشتیوانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپای گەیاندبووە سەرۆکایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان لە شەڕی تیرۆر. لە ئێستا دا بەڕێز ڕیشاد چارنێتسکی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی خولی تازەی پەرلەمانی پۆلۆنیا سەردانی وڵاتەکەی کردووە بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ لیستی پارتی ماف و دادپەروەری فەرمانڕەوای کۆماری پۆلۆنیا بکات کە مەزەندە دەکرێت لە 2019/10/13 دووبارە پارتی ناوبراو زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی پۆلۆنی مسۆگەر بکات. بۆ ئەو پەیوەندییە باش و دۆستانەی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ بەڕێز ڕیشاد چارنێتسکی دا هەیە تی، شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لە پەرلەمانی کۆماری پۆلۆنیا دیدارێکی سیاسی لەگەل بەڕێزیاندا ئەنجام دا بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لەگەڵ پارتی ماف و دادپەروەری فەرمانڕەوای پۆلۆنیا و لەگەڵ گرووپی کۆنسێرڤاتیڤ و ڕیفۆرمخوازانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا دا . هوشیار سیوەیلی سەرۆکی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە دیدارەکە دا هیوای سەرکەوتنی بۆ پارتی ماف و داپەروەری فەرمانڕەوای پۆلۆنیای خواست لە هەڵبژاردنەکانی گشتی و پەرلەمانی ڕۆژی 2019/10/13 و سوپاس و ستاییشی پەیوەندی دۆستانە و پشتگیری بەردەوامی بەڕێز ڕیشاد چارنێتسکی کرد لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا و هەرروا لە نێو گرووپی کۆنسێرڤاتیڤ و ڕیفۆرمیستەکانی یەکێتی ئەورووپا دا کە ناوبراو پەرلەمانتارێکی ناسراوە لە گرووپی دۆستایەتی پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ کوردستان دا.ڕیشاد چارنێتسکی لە کۆبۆنەوەیدا لەگەل شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) دا پشتیوانی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان و بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی دێمۆکراتی کوردستان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دەبڕی ، شاندی (پ.د.ک) بەڕێزیانی بە فەرمی بانگهێشتی هەرێمی کوردستان کرد و لە وەڵامدا ڕایگەیاند کە بە خۆشحاڵییەوە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و لە هەوڵدایە کە لە سەرەتای ساڵی داهاتوو لەگەڵ شاندێکی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا یە لە گرووپی کۆنسێرڤاتیڤ و ڕیفۆرمخوازەکان کە بۆ بانگەشەکردن بۆ پارتەکەی لە خولی تازەی هەڵبژاردنەکانی گشتی ڕۆژی 2019/ 10/13 گەڕاوەتەوە پۆلۆنیا. لە ڕابردوو دا ناوبراو وەک سیاسەتمەدار و میژوونووس و ڕۆژنامەوان و ئەندامی پەرلەمانی کۆماری پۆلۆنیا چاڵاک بووە و لە خولەکانی یەکەم و سێیەم و خولەکانی شەشەم و و حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی دا کاندیدی پارتەکەی بووە و ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بووە و لە 2014-2018 وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا دەستنیشان کرا. ناوبراو لە 1993 جێگری وەزیری ڕۆشنبیری و هەروا لە نێوان ساڵانی 1997-1998 سەرۆکی کۆمیتەی خۆگونجاندنی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بووە. و لە 1998-1999 بە وەزیری- ئەندامی جڤاتی وەزیران دەستنیشان کرا. و لە خولی هەشتەمینی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا وەک جێگری سەرۆکی پەرلەمان کەسێکی دیاری نێو پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بووە. و لە 2014/7/1 - 2018/7/1 لە کەسایەتییە دیارەکانی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بووە. ڕیشارد چارنێتسکی لە خەباتی ڕۆشنبیری خۆیدا نووسەری چەندین پەرتووک و سەرنووسەری چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی پۆلۆنی بووە لە ناوخۆ و دەرەوە ،هەروا بەرپرسیارێتی ژمارەیەک پەیمانگا و ڕێکخراوی هزری پۆلۆنی و ئەورووپی بووە. هەروا لە ناوخۆی وڵاتەکەشی جیا لە وەی چاڵاکوانێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و نووسەرێکی ناسراو بووە هەروا سیاسەتمەدارێکی کاریگەر بووە و سەرۆکایەتی یەکگرتنی نەتەوەیی کریستیانەکانی پۆلۆنیای کردووە.لە ساڵانی (80) ی سەدەی ڕابردوو بەشداری خەباتی سیاسی دژ بە سیستەمی کۆمۆنیستی وڵاتەکەی بووە و لەگەڵ پارت و گرووپی سیاسی جیاجیای وڵاتەکەی کاری کردووە . لە 2008 وە چاڵاکە لەگەڵ پارتی ماف و دادپەروەری ئێستای فەرمانڕەوای پۆلۆنیا و لە 2009 وە ئەندامێکی چاڵاکی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا یە. لە ساڵی 2011 وە هەروا بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی ماف و دادپەروەری هەڵبژێردراوە. لە ساڵی 2014 بۆ جاری سێیەم بوو بە ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا و لە 2014/ 7/1 بە یەکێک لە جێگرەکانئی سەرۆکی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا هەڵبژێردرا و لە دووا هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا لە مانگی گولانی 2019 جارێکی تر لەسەر لیستی پارتی ماف و دیپلۆماسی، پارتی حوکمڕان و دەستەڵاتداری پۆلۆنیا دووبارە هەڵبژێردرایەوە بە ئەندامی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا.

***

هەر لە وارشۆی پایتەخت بە گەیشتنی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بۆ بەڕێوەچوونی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆی 2019 ، بەڕێز حسین منصور الصافی، کە بە پلەی وەزیفی قائم بالاعمال و پۆستی باڵوێزی عێراق لە پۆلۆنیا کار دەکات ، دەستپێشخەری کرد و لەگەڵ ستافی باڵوێزخانەی کۆماری عێراقی فیدراڵ لە وارشۆی پایتەخت سەردانی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی کرد پێش ئەوەی شاندی (پ.د.ک) لەسەفاردت سەردانیان بکەن. شاندی پارتی ئەلبومێکی فۆتۆگرافی لە خەباتی بارزانی نەمر و شۆڕشی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان پێسکەش بە باڵوێزی عێراق کرد، بەڕێزیان، لەگەڵ هاوکارانی لە سەفارەت ئامادەیی خۆیان پیشان دا بۆ هاوکاریان. و شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) سوپاسی هەڵوێست وپێشوازیی بەڕێزیانی کرد. هەر میئانی بەشداری شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لە یەکەمین ڕۆژی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆی و 2019 لە 9/2دا شاندی پارتی دێمۆکراتی کوردستان چاویان کەوت بە بەڕێز موئەیەد سالح ، جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق کە بانگهێشتی کۆڕبەندەکە کراوە.

***

شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) ئامادەی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆ 2019دا دەکات و لە پەراوێزی کۆڕبەندەکەش دا لە پەنێلێکی تایبەت بە قۆناغی دوای تێکشکاندنی داعش لە کوردستان و ناوچەکە دا و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە و بنبڕکردنی هزری توند ڕەوی پەنێلێکیان پێشکەش کرد.

شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بەشداریکرد لە کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆی 2019، کە بە ئامادەبوونی زیاتر لە (1500) میوان لە پۆلۆنیا و دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا بەڕێوەچوو و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی سیاسی و شاندی دامەزراوەکانی هزری و ستراتیژی و بەرگری و ئەمنی زیاتر لە (50) وڵاتی ئەورووپی و چەندی وڵاتی جیهان و (130) قسەکەر بۆ پێشکەشکردنی (20) پەنێل بانگهێشتی کۆڕبەندەکە بوون کە ژمارەیەک لە وەزیرانی بەرگری ئێستا و پێشووی وڵاتان و وەزیری دەرەوە و بەرگری کۆماری پۆلۆنیا و ژمارەیەک لە وەزیران و جێگرانی وەزیر و کەسایەتی سیاسی ناسراو و چەند سەرۆک کۆماری پێشوو و سەرۆکەوەزیرانی پێشووی وڵاتانی ئەورووپی و گەورە بەرپرسانی ڕێکخراوی ئەتلانتیکی ناتۆ و دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوەکانی هاوکاری مرۆیی و شێکاری و ستراتیژی و ئەمنی ئامادە بوون. شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) لە پەراوێزی یەکەمین سەرۆک کۆماری ئافرەتە کە لەم وڵاتە بوبێتە سەرۆک کۆمار و یەکەمین سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتەشە کە توانیویەتی بۆ دووجار هەڵبژێردرێتەوە بۆ ئەم پۆستە و لە ڕابردووش دا لە کابینەی حکوومەتی لیتوانیا پۆستی وەزیری دارایی و لە کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپاش بەرپرسیارێتی پرۆگرامی دارایی و بودجەی کۆمیسیۆنی یەکیتی ئەورووپای هەبووە وەک ئافرەتێکی بەهێزی وڵاتەکەی خەڵات کراوە. لە ئێوارەخوانەکەش دا شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان چاوی بە سەرۆک کۆماری پێشووی لیتوانیا کەوت و هیوایان خواست کە دەرفەتی هەبێت لە ئایندە دا سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکات

***

لە دوا ڕۆژی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆی 2019دا هەروا شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) چەندین دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ شاندەکانی بەشداربووی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆ ئەنجام دا و چاڵاکانە بەشداربیان لە پەنێلەکاندا کرد و لە یەکێ لە پەنێلەکانیش دا کە لە لایەن موئەیەد سالح ، جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق پێشکەش کرا ئامادە بوون و دیدگای پارتی دێمۆکراتی کوردستان و هەرێمی کوردستان لەسەر دۆخی ئێستای ناوچەکە و سەبارەت بە پرسی ئاسایش و سەقامگیری و ئاوارەکانی شەڕ و بەردەوامبوونی توندوتیژی لە عێراق وکێشە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و لە ناوچەکانی مادەی (140) کە حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان و سوپای عێراق بە بێ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەپیارێزن و پەلامارەکانی تیرۆریستی و مەترسییەکانی داعش بۆ سەر خەڵکی سڤیل لەم ناوچانە بە فراوانی سەریان هەڵداوەتەوە خرایە ڕوو کە بە بێ گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئەم ناوچانە ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکە ناگەڕێتەوە.

***

هەر لە چوارچێوەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سیاسی و شیکاری شاندی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ناوەندە گرنگەکانی پۆلۆنیا و لە پەراوێزی دووا ڕۆژی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆ دا شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) بانگهێشتی ستۆدیۆی تەلەڤزیۆنی ڕێپابلیکا بوو لە وارشۆی پایتەخت و لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی تەلەڤزیۆنەکە دا دیمانەیەکیان دەربارەی سەردانی فەرمی شاندی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بۆ وارشۆی پایتەخت و دۆخی کوردستان و سەرهەڵدانەوەی داعش و داعشە بیانییەکان لە عێراق ئەنجام دا.

***

دوای کۆتاهاتنی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆی 2019 ئێوارەی هەمان ڕۆژ شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بە جیا چاویان کەوت بە بەڕێزان زبیگنیڤ پیسارسکی، سەرۆکی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆ و بەرپرسی دەزگای تینک تانکی کاڕنیژ پۆواسکی و خاتوو کەتەژینا پیسارسکا ، بەرپرسی پرۆگرامی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆ و سوپاس و ستایشی بەڕێوەبەرانی کۆڕبەندەکەیان کرد بۆ بە فەرمی بانگهێشتکردنی شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان وەک تاکە شاندی کوردی بانگهێشتکراو لە کۆڕبەندەکە دا و بۆ پەیوەندی بەهێز و دۆستانەیان لەگەڵ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) دا و بەم بۆنەیەوە شاندی (پ.د.ک) خەڵاتێکی تایبەتیان پێشکەش بە هەردوو کەسایەتی ناسراوی کۆڕبەندی ئاسایشی وارشۆی 2019 کرد. شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە دریژەی سەردانیان دا ،سەردانی شاری میژووییی کراکۆژ/ی کرد و بەتایبەتیش سەردانی موزەخانەی میژووی زیندوو و کەمپەکانی زۆرەملێی نازیەکان کرد لە شاری (ئەوشڤیتس) و دەوروبەری کە نزیکەی (6) ملیۆن مرۆڤی بێتاوان لە جولەکە و پۆلۆنی و نەتەوەکانی تر لەسەر دەمی جەنگی جیهانی دووەم دا لەسەردەستی نازیەکان پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆسایدیان بەرامبەر ئەنجام درا کە بە گەورەترین کارەساتی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێت وبە پڕ کارەساتترین جەنگ لە میژووی مرۆڤایەتیش دادەنرێت . شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان هەروا لە وارشۆی پایتەخت سەردانی کۆڕی سەربازی وونی کۆماری پۆلۆنیای کرد کە شوێنی سەردانی شاندەکانی بیانی یە لە کاتی سەردانکردنی وارشۆی پایتەخت و هەروا مۆنۆمێنتی کارەساتی سمۆلێنسکی بەسەر کردەوە کە لە 2010/4/10 لە ڕووداوێکی دڵتەزێن دا سەرۆک کۆماری پۆلۆنیا خوالێخۆشبوو کەچینسکی و ژمارەیەک لە گەورەبەرپرسانی پۆلۆنیا لە وەزیران و ژەنەراڵ و بەرپرسانی باڵای سەربازی و بەرپرسانی چەندین دامەزراوەی پۆلۆنیا لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیان گیانیان لەدەست دا.

*** ئامادەکردنی دیسکی ئەورووپا/ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پ.د.ک**

کاکەمین نەجار: فراوانکردن و باشتربەڕێوەچوونی پرۆژەکان ئەرکی هەموو لایەکمانە



بەمەبەستی خستنەڕووی دواینی ڕووداوو پێشهاتەکان و ئەو کێشەو گیروگرفتانەی بوونەتە لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی زیاتری سنوورەکەو دابینکردنی خۆشگوزەرانی باشتر بۆ هاونیشتمانیان، بەئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە سنوورەکە و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان و بەرپرسی ڕێکخراوەکانی یەکێتیی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان سیمنارێک بۆ هەریەکە لە کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و بلند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێر بەڕێوەچوو.

لە دەسپێکی سیمنارەکەدا کاکەمین نەجارِ بەدوایین ڕووداو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و ناوچەکە کردو تیشکی خستەسەر چەند پرسێک کە ڕاستەوخۆ کاریگەریبیان لەسەر کوردستان دەبێت لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بڕیە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەک بۆ ئەکتیڤترکردنی کاروپرۆژەکان خستەڕوو.

پەرلەمان و حکوومەت و هەموولایەکمانە ئامادەکاری تەواو بکەین لەپێناو فراوانکردن و باشتربەڕێوەچوونی پرۆژەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی نیشتمانەکەمان.

دواتر بلند ئیسماعیل ئاماژەی بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سنوورەکە و ئەو کێشەو گیروگرفت و کەم و کوڕیانە کرد کە بوونەتە هۆی سست بەڕێوەچوونی کارەکان و ڕێگاچارەی گونجاوی بۆ ئەکتیڤترکردنی کاروپرۆژەکان دەخستەڕوو.

هەروەها ئاماژەی بە پێداویستی و گرنگیی بەشداریکردنی هەموو لایەنەکان لە کۆنگرەی نەتەوەییدا کرد و ڕایگەیاند: ئێمە وەک پارتی و یەکێتی هیچ کێشەیەکمان نییە بۆ بەشداریکردنی هیچ لایەنێک لە کۆنگرەکەدا، بەڵکو پێویستە هەموو لایەک بەشداری تێدا بکات.

بەرپرسیارەتیا کادرێن پارتی دقێ قوناغێدا گرانتربوویە

سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ دگەل بەرپرسێن ڕێکخراوێن سەر بسنورێ لێژنە ناوچێن سێمێل، فەیدیێ، تەناهییێ کومبوو. دقێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ لسەر چەند بابەتێن گرێدایی ب ڕەوشا ڕێکخستنێ و ئەرکێ کادری و بجهئنانا خواست و داخوازییێن خەلکی ڕاوەستیان و گوت: هێ وەکو بەرپرسێن ڕێکخراوا فەرماندێن پێشییێنە بو پارتی و ئەم ماندیبوونا هەوە بەرچاڤ وەردگرن و بو ئەڤرو ژی بەرپرسیارەتیا کادرێن پارتی دقێ قوناغێدا ژ هەر دەمەکی گرانترە بویە، دقێت لسەر بەرنامێن ساخلەم کاربکەین داکو هێزەکا مەزن بهێتە دی بۆ پارت و ڕێبازا مە، پاشی بەرپرسێ لقێ گوهداریا گەلە و خواست و داخوازییێن وان کر، دیسان بەرپرسێن ڕێکخراوا سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤی بەرنامێ هاتیە داڕێتن بۆ دیتنا بەرپرسێن ڕێکخراوا.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز سەردەشت محەمەد عەبدولکەریم

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی ئەیلوولی مەزن محەمەد عەبدولکەریم- ی باوکی بەڕێزتان و باوکی هەردوو شەهید سالار و سالارمان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە هاوبەشی خەمان بە بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرخۆشی ئارِاستەی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خواتێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

حاجی ئۆمەران.. ژمارەیەک خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کەسایەتیی ناوچەکە بەسەرکرانەوە



ڕێکەوتی 15/10/2019 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ ژمارەیەک لە کارگێرانی لق و لێپرسراوانی لیژنە ناوچەکانی ڕانیە، خۆشناوەتی، بیتوێن و حاجیاوا سەردانی شارەدێی حاجی ئۆمەرانیان کرد.

مەبەست لەو سەردانەیان، بە سەرکردنەوەی ئەو خانەوادە تێکۆشەر و دڵسۆزانەی سنوورەکەیان بوو کە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا ئاوارەی ئەو دەڤەرە بوون. لەو گەشتەیاندا، سەردانی ژمارەیەک خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و کەسایەتی و خانەوادەی سەردانی هەریەک لە لیژنەی دڵسۆزیان کرد و لە هەواڵ و تەندروستییان پرسین. دواتر ناوچەی حاجی ئۆمەرانی پارتی، بەڕێوبەرایەتی ناحیەی حاجی ئۆمەران، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، بارەگای بارزانیی نەمر لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیان کرد. جێی باسە لە بەشێکی گەشتەکەیاندا، حەسەن حەدۆ لێپرسراوی لقی 26گوڵان و شاندێکی یاوەری بەشدار بوون لە گەڵ شاندەکەی لقی11.

هێشتا حەوت هەزار ئاوارەی خورماتوو بۆ شوێنی خۆیان نەگەڕاونەتەوە

بەرپرسی بەشی کاروباری مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت: تا ئێستا نزیکەی حەوت هەزار ئاوارەی خورماتوو لە سنووری ئیدارەی گەرمیان ماون و نەگەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان. بێستون ژاڵەیی، بەرپرسی بەشی کاروباری مرۆیی لە ئیدارەی گەرمیان، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: تا ئێستا نزیکەی 7هەزار ئاوارەی قەزای خورماتوو کە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017وە هاتوونەتە سنووری ئیدارەی گەرمیان، نەگەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان و لە قەزا و شارەدێکانی سنوورەکەدا جێگیر بوون. گوتیشی: بەشێک لەو ئاوارانە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر خانووەکانیان تەقێنراونەتەوە و بەشێکیشیان لەگەڵ حزبە کوردستانییەکاندا بوون، بۆیە لێرە جێگیر بوون، بەشێکیشیان پێش ڕووداوەکە لە سنوورەکەدا بنەیان هەبووە. ئاماژەی بەوەش دا ئێستا ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سنوورەکەدا هاوکارییەکی ناکەن، تەنها هاوکارییەکی وەرزیی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق هەیە کە پێکهاتووە لە پاکێجێکی خواردن و پاککەرەوە.

پارێزگاری هەولێر لە گرفت و کێشەکانی قەزای خەبات دەکۆڵێتەوە



لە دڕێژەی دیدارو سەردانەکانی، دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەیاوەری شاندێک لە پارێزگای هەولێرەوە سەردانی قەزای خەباتیان کرد، لەلایەن هێمن قادر فەقێ قایمقامی قەزای خەبات و بەڕێوەبەری ناحیەکانی سیمنارێک بۆ ناحیەکانی ئەو سنوورە پێشوازیان لێکرا. لە دیدارێکدا تیشک خرایە سەر ئاڕێشەو گرفتەکانی ئەو دەڤەرە، پارێزگاری هەولێر گوێی لە یەکە یەکەی پێشنیارەکان و گرفتەکان گرت، بەڵێنیدا بە دواداچوونی وردیان بۆ بکات، ڕووناکیش خرایە سەر گرنگی سنووری قەزای خەبات و جەختیش کرایەوە لە بەردودان بە کەرتەکانی ئابووری و خزمەتگوزاری لەو ناوچەیە. جێی باسە تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگاری هەولێر لەو سەردانەدا ئامادەیی بوو.


بەرپرسێ لقێ 9: خزمەتکرنا هاولاتیان ب ئەرکێ خۆ یێ نەتەوی و نیشتیمانی دزانین



خزمەتگوزاری ل سنورێ هەردوو قەزایان ب گشتی و نەمازە پێن دکەڤنە سنورێ شارەوانیا هەردوو قەزایا ئاکرێ و بەردەرەش کو فەرە هندی شیان ل وەبێت هەول بدەن کو پروژە بهێنە دروست کرن ل سنورێ ڤان هەردوو قەزایان چونکە خەلکێ مە پێدڤی ب پتر خزمەتکرنێ یە، چونکی هەر چ خزمەتکرنێ ئەم بکەین ئەم ب شاندەکێ باژێرڤانیا گشتی ل دهوک ب سەرپەرشتیا دیار بەحری ڕێڤەبەرێ گشتی یێ باژێرڤانییێن دهۆک سەردانا بارەگایێ لقێ دا و ژبال سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9و کارگێریا لقێ ب گەرمی هاتنە پێشوازیکرن و د ڕوینشتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ 9 ئاماژەدا گرنگیا پێشکێتش کرنا پروژەییێن ئێوارەی ڕێکەوتی/14/10 2019 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11لەگەڵ ستافی دەستەی کارگێڕیی لق و لیژنە ناوچەکانی سنووری چالاکیی لق و لاوان و قوتابیان و ئافرەتانی سنوورەکە، بۆ ئیدانەکردنی لەشکرکێشیی ڕژێمی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و دەربینی هاوسۆزی لە گەڵ خوشک و برا کوردەکانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەشداریان کرد لەو گردبوونەوە و مەراسیمەی کۆمەڵێک گەنجی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لەناو بازاری دەروازەی ڕاپەرین ڕانیەی خۆراگر سازیان کردبوو.

ئەرکێ خۆ یێ نەتەوی ونیشتیمانی دزانین و منەتێ ژی ل خەلکێ خو ناکەین چونکە ئارمانجا سەرەکی یا مە خزمەتکرنە، ژلایێ خوڤە ژی ڕێڤەبەرێ گشتی یێ باژێرڤانییێن دهۆک دووپاتکر کو یا دشیانا واندا بیت لدویڤ یاسا و تەعلیماتا و ئیمکانیاتا دڕێغییێ نەکەن بۆ دروستکرن وجێ بەجێ کرنا پروژەییێن خزمەتگوزاری ژ هەمی ئالیەکێڤە لێ ئەڤە ژی گوت کو شیان و ڤیان دوو تشتێن ژێک جودانە و ئەگەر نە هەمی دەما ئەڤ هەردوو قەزایە ل پێش چاڤێت مەنە، لدویماهیێ ژی بەرپرسێ لقێ9 پشتەڤانیا لقێ لدویڤ یاسا و تەعلیماتا بوو ان دووپاتکرەڤە کو هەردەم ئەم دێ هاریکارو پشتەڤان بین.

دهۆک... کارتێکرنا هێرشێ تورکیا بۆسەر ڕۆژئاڤا و هاتنا پەنابەران هاتە بەحسکرن



دوهی فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا شاندەکێ بالیوزخانا ئیسپانی ب سەرۆکاتیا ماریانا ڕامو شیرەتکارا سیاسی ل بالیوزخانا ئیسپانیا ل بەغدا کر، د هەڤدیتنەکێ دا بەحسێ سەروبەرێ دەڤەرێ و کارتێکرنا شەرێ تورکیا دگەل ڕۆژئاڤا ل سەر پارێزگەها دهۆکێ و هاتنا پەنابەرا و بەرهەڤییێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ کرین بو هەر پێشهاتەکا نەخازیار هاتە کرن.

شیرەتکارا سیاسی یا بالیوزخانا ئیسپانیا ل بەغدا بەرهەڤیا وەلاتێ خو دەربری بو هەمی هاریکاری و پشتەڤانیەکا پێدڤی دبیاڤێن مروڤایەتی و ڕەوشەنبیری و زانستی و جڤاکی دا بو هەرێما کوردستانێ ب گشتی و پارێزگەها دهۆکێ ب تایبەتی و دوپاتکر کو ئەو دێ بزاڤێ دهەمی بواران دا کەن پەیوەندییێن بهێز دگەل حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەبن و پێشڤە بەن. پارێزگەرێ دهۆکێ سوپاسیا هەلویستێ وەلاتێ ئیسپانیا کر و پشتەڤانیا وان یا بەردەوام بو حکومەتا هەرێما کوردستانێ ب تایبەتی دبیاڤێ مروڤایەتی دا و داکوکی کر پێدڤیە پەیوەندی دهەمی بیاڤادا پێشبکەڤن و د بەردەوام بن.

ڕانیە.. خۆپێشاندانی هاوسۆزی بۆ ڕۆژئاوا بەڕێوەچوو



لە ڕۆژی جیهانیی دەستشووشتن بلاوکراوەی ڕێنمایی بەسەر قوتابیان دابەشدەکرێت

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: بە ئامادەبوونی د. چەتۆ محەمەدئەمین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بە وەکالەت و بەڕێوەبەری کاروباری پاراستنی تەندروستی و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر و بەرپرسانی تری پەروەردەو مامۆستایانی قوتابخانەی ناوبراو، لە مەڕاسیمێکی شایستەدا دوای وتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر لە وتەیەکیدا سوپاس و دەستخۆشی لە دەستەی کارگێڕی قوتابخانەو مامۆستایان و قوتابیانی کرد هیوای خواست ڕێنماییە تەندروستیەکان بەهەند وەربگیرێن بۆ پاراستنی تەندروستی گشت قوتابیان لە سنوری شاری هەولێر، پاشان بلاوکراوەی ڕێنمایی دەستشووشتن بەسەر قوتابیانی نێو قوتابخانە کرا و مەڕاسیمەکە بە سروودی پاک و خاوێنی لەلایەن قوتابیان کۆتایی پێهات.



هەولێر... پزیشکێک گیانی لە دەست دا

پزیشکێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا گیانی لەدەست دا. بەپێی زانیاریەکانی باسنیوز، ڕووداوەکە شەوی 15/10/2019لەسەر ڕێگای هەولێر - مەخمور لە گوندی پیرداود ڕوویداوە، کە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر خۆی بە ئۆتۆمبیلی ئەو پزیشکەدا دەکێشێت، پزیشکەکەش دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە. پزیشکەکە ناوی سیروان ئەمین بووە، لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای کوردستان بووە، لەو ڕووداوەدا هاوسەرەکەشی لەگەڵ بووە و سەلامەتە، دوای ڕوداوەکەش، پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە.



قەیرانەکان کاری گرنگ و قورس بەرهەم دێنن و کاری گرنگ و قورسیش نەتەوە بینا دەکات

بوونی خوودی مرۆڤ لەگەڵ دەستپێکی ژیانی مرۆییدا، هەر لەگەڵ بوونی هابیل و قابیل لەسەر گۆی زەوی، ململانێی بەرژەوەندییەکان سەریانهەڵداوە

ئا: سەردار حوسێن

زاراوەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان یاخود تێپەڕاندنی قەیرانەکان (Crisis Management) لە چوارچێوەی ئەو زاراوە نوێیانە دێت، کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا بەکاردێت و کاری پێدەکرێت، ئەو زاراوەیە بە پابەندبوون بەو تێگەیشتنە لاساییکراوانە دێت، کە پەیوەندییەکان حوکمی بەسەردا دەدەن، بە جیاوازی دەرکەوتن و ئاستەکانیشەوە، تا کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم. دواتریش بەهۆی ئەو پەیوەندییە تووندوتۆڵەی لەگەڵ کاروبارەکانی دیکە هەیەتی، بەشێوەیەکی تێبینیکراو پەرەی پێدرا. پاشان لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بووە جێگەی گرنگیپێدان و کارپێکردنی لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز، وەک پرۆسەی بڕیاری سیاسی و وتوێژی دیبلۆماسی، بۆیە ڕەگەزەکانی وتوێژکردن هاوڕێک لەگەڵ سیفەتەکانی لەیەکترگەیشتن، بوونە بڕیاری پشتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، ئەوەبش بە سروشتی خۆی پەلدەکێشێ بۆ پرسێکی زۆر گرنگتر، کە تایبەتە بە قەیرانەکان و بەڕێوەبردنیان، کە بریتییە لە دروستکردنی بڕیار و ئەوەی کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ ئاستی کارکردنی کارگێڕی و سیاسی، کە دەگاتە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، ئەوەبش سەردەکێشێ بۆ پەیوەندی کارگێڕی بە کاری سیاسی، نەک بە مانا سادەو بەرتەسکەکەی، بەڵکو بە واتا گشتییەکەی، بەو پێیەی بڕیارەکان هەرچەندە لە ناوەرۆکیشدا جیاوازبن و لە مەبەستدا نزیکبن لەیەکترین، دواجارو لە کۆتاییدا سیفەتی بڕیاری سیاسی وەردەگرن.

لێرەوە پرۆسەی لەیەکتر نزیکبوونەوە لەنێوان بەڕێوەبردن و سیاسەت دەست پێدەکات و پەیوەندییەکانیان دەردەکەوێت، لەنێوان دامەزراوە کارگێڕییەکان و سیستەمی سیاسیدا، کە دەکرێ وەک کلیل و قفڵ سەیر بکرێت، کە هەر یەکەیان بە شێوەی تاک و جیاواز دەردەکەون، بەڵام هیچیان ناتوانن بە تەنها و بەشێوەیەکی کارا کار بکەن، بەڵکو دەبێ وەک هاوسەرگیری بەیەکەوەبن و کاربکەن، هەر ئەوەبش وایکرد کە گەڕان بەدوای چارەسەری گرفتەکانی پرۆسەی بڕیاردان ڕەنگدانەوەی هەبێت، ئینجا ئەو گەڕانە لە گۆشەنیگای پەیوەندی کارگێڕی بە بڕیاری سیاسی بێت یاخود لە گۆشەنیگای تێڕوانینەوە لە پرۆسەی بڕیار و جێبەجێکردنی بێت، هەروەهاش قەیرانەکان ناتوانن لەو چوارچێوە ستراتیژییە دەربچن، کە لە بیرو هزرە یۆنانییەکانەوە پەرەی پێدراوە، تەنانەت خودی وشەکەبش (Strategus) بە واتای ڕۆلی سەرکردایەتی گشتی سووپا دێت، ئینجا هونەری بەڕێوەبردنی سووپا، کە دواتر پەردیسەند بۆ هونەری سەرکردایەتیکردن، کە تایبەتمەندە بە لێهاتوویی جەستەیی و ڕەوشت بۆ داگیرکردنی ئەو ڕۆڵە پێویستەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەڕێوەبردن ی قەیرانەکان، کە لە ناکاو دێنە پێشەوەو خاوەن بڕیارەکان دەبێ بەرپرسیارێتییەکەی بگرنە ئەستۆ.

ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە ئەویش ئەوەیە، کە قەیرانەکان دەکرێ لە هەر کات و شوێنێک و لە هەر لایەنێک لە لایەنەکان سەرهەڵبدەن، ژمارەیەک قەیران هەن کە دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێگری لە سەرهەڵدانیان بگیرێت، لە کاتێکدا ژمارەیەکی دیکەیان هەیە کە ناتوانرێ ڕووبەڕوویان ببینەوەو بە ڕەهایی کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە ناتوانرێ گەمارۆ بدرێن و بەربەست لەبەردەم سەرهەڵدانیان دروست بکرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین هیچ قەیرانێک نییە کە نەتوانرێ پلانی بۆ دابڕێژرێت و لە ئازار و کاریگەرییەکانی کەمبکرێتەوە، هەروەک چۆن دەشێ ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ببێتە هۆی وێرانکردنێکی سەختی ناوبانگ کە چاککردنەوەی چەندین ساڵی پێویست بێت، لە میانەی ئەو ئەزموونانەش ئەو کەسانەی پێشبینی ڕووبەڕووبوونەوەی خراپتر دەکەن، بەزۆری دەرفەتی زیاتریان هەیە بۆ پێویست نەبوونی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەوەبش دەکەوێتە سەر ئەو هێز و توانا ڕەخساوەی لە پلان و ئامرازە ستراتیژییەکان بەردەست دەبن بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشهاتانەی لە ناکاو ڕوودەدەن و چاوەڕوان نەکراون.

شرۆڤەو شیکردنەوەی ورد یەکێکە لەو فاکتەرانەی هاوکار دەبن بۆ ڕێگریکردن لە کێشەو قەیرانەکان، لێردا دەتوانین باسەکە بەوە کورتبکەینەوە، کە قەیران بەگشتی واتا کاتێکی ناسەقامگیر یاخود مەترسیدار، کە پەیوەستە بە کارووبارێ تاک یان کۆمەڵێک یاخود چەند کۆمەڵگایەک، کە دەرەنجام و دەرهاویشتەکانی کاریگەرییەکی توندیان لەسەر ئەو لایەنانە دەبێت، ئینجا بە ئاراستەی خراپتر یاخود باشتر، تەنهاش ژمارەیەکی کەمی قەیرانەکان لەناکاو ڕووددەن، زۆرینەیان کلیلێکیان هەیە بۆ دروستبوون و زانیاری و دەرهاویشتەی پێشوەختەیان لەسەر هەیە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئالۆزییەکان، کە دواجار هەر ئەوانیش هەنگاوی ڕەها و کۆتایین بۆ دروستبوونی قەیرانەکان، کە دەکرا پێشتر پلان بۆ ئەگەری ڕووبەڕووبونەوەی ئەو قەیرانانە دابڕێژرایە.

دەبینین دوای چەند ساڵێکی کەم لە سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسیدا چەندین بنەمای فەلسەفی و دەستووری بەدوای خۆیدا هێنا و سەرهەڵدانی حوکمڕانی ناپلیۆن بیش بەوە دەستی پێکرد کە چەندین دامەزراوەی کارگێڕی نوێی هێنایە کایەوە، کە هاوکارێکی باش بوون بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی پیشەسازی و سەربازی و سیاسی فەرەنسی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیشیدا، لەنێو ئەوانەیشدا:



پرۆسەی لەیەکتر نزیکبوونەوە لەنێوان بەڕێوەبردن و سیاسەت دەست پێدەکات و پەیوەندییەکانیان دەردەکەوێت، لەنێوان دامەزراوە کارگێڕییەکان و سیستەمی سیاسیدا، کە دەکرێ وەک کلیل و قفڵ سەیر بکرێت، کە هەر یەکەیان بە شیوەی تاک و جیاواز دەردەکەون، بەڵام هیچیان ناتوانن بە تەنها و بەشێوەیەکی کارا کار بکەن، بەڵکو دەبێ وەک هاوسەرگیری بەیەکەوەبن و کاربکەن، هەر ئەوەبش وایکرد کە گەڕان بەدوای چارەسەری گرفتەکانی پرۆسەی بڕیاردان ڕەنگدانەوەی هەبێت، ئینجا ئەو گەڕانە لە گۆشەنیگای پەیوەندی کارگێڕی بە بڕیاری سیاسی بێت یاخود لە گۆشەنیگای تێڕوانینەوە لە پرۆسەی بڕیار و جێبەجێکردنی بێت، هەروەهاش قەیرانەکان ناتوانن لەو چوارچێوە ستراتیژییە دەربچن، کە لە بیرو هزرە یۆنانییەکانەوە پەرەی پێدراوە، تەنانەت خودی وشەکەبش (Strategus) بە واتای ڕۆلی سەرکردایەتی گشتی سووپا دێت، ئینجا هونەری بەڕێوەبردنی سووپا، کە دواتر پەردیسەند بۆ هونەری سەرکردایەتیکردن، کە تایبەتمەندە بە لێهاتوویی جەستەیی و ڕەوشت بۆ داگیرکردنی ئەو ڕۆڵە پێویستەی ڕووبەڕووبوونەوە و بەڕێوەبردن ی قەیرانەکان، کە لە ناکاو دێنە پێشەوەو خاوەن بڕیارەکان دەبێ بەرپرسیارێتییەکەی بگرنە ئەستۆ.

ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرا هەیە ئەویش ئەوەیە، کە قەیرانەکان دەکرێ لە هەر کات و شوێنێک و لە هەر لایەنێک لە لایەنەکان سەرهەڵبدەن، ژمارەیەک قەیران هەن کە دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێگری لە سەرهەڵدانیان بگیرێت، لە کاتێکدا ژمارەیەکی دیکەیان هەیە کە ناتوانرێ ڕووبەڕوویان ببینەوەو بە ڕەهایی کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە ناتوانرێ گەمارۆ بدرێن و بەربەست لەبەردەم سەرهەڵدانیان دروست بکرێت. کەواتە دەتوانین بڵێین هیچ قەیرانێک نییە کە نەتوانرێ پلانی بۆ دابڕێژرێت و لە ئازار و کاریگەرییەکانی کەمبکرێتەوە، هەروەک


-دارشتنی یاسای مەدەنی بۆ بەرزەفتکردنی پەیوەندییەکان و مامەڵەکردن لەنێوان تاکەکاندا.
-دامەزراندنی زانکۆی نوێی فەرەنسی و دروستکردنی ئەنجوومەنی دەوڵەت کە ڕۆڵی دادوەری و دەستووریی گرنگی لە دەوڵەت دەبینی.
-دەرەوشانەوەی دەستکەوتە کارگێڕییەکان لە ڕێکخستنی قوتابخانەو فێرکردن و کلێسادا.
-دوای دارشتنی یاسای مەدەنی لە ساڵی 1804دا کۆمەڵێک ڕێکار و بنەما و یاسای تایبەت و گشتی لە چەندین بواردا بۆ چالاکییە کارگێڕییەکان دارێژران، کە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پێکهاتەی چوارچێوە یاساییە کارگێڕییەکاندا و دادەوەری لە فەرەنسا هەبوو.
-بنکەیەکی فراوان دروستکرا، کە پشتی بە تیمێکی مرۆیی گەورە لە فەرمانبەرانی کارگێڕی دەبەست.

لەلایەکی دیکەوە بیرۆکەی دەستووری و سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆمێنتێکی بەهێزی لەسەر بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان هەبوو، بەڵام هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری لە ساڵی 1929دا، ئاماژەکانی بیردۆزێکی نوێ بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت دەرکەوت، کە لە قۆناغی بێلایەنییەوە بۆ قۆناغی تێکەڵبوونەوە تێپەڕی، هەروەهاش بیرکردنەوە لە بەڕێوەبردن لە گۆ جیهانی ڕۆژئاواو جیهانی شیوعی بەیەکەوە لەسەر ئەو سیستەمە ڕۆیشتن (پلانی ناوەندی و کارگێڕی ئابووری و دەستبەری کۆمەڵایەتی) دەبێ ئەوەبش لەیاد نەکەین کە توێژینەوەکەی (ماکس فیبەر) لەبارەی بیرۆکراتیەتەوە، تا ڕادەیەک نمونەیەکی زۆرباش بوو لە گەشەسەندنی کارگێڕی و فراوانبوونی بنەماکانی بیردۆزی زانستی بۆ بەڕێوەبردن. گرنگییەکەشی بەردەوام لە زیادبووندا بوو کاتێک پەیوەست دەکرا بە پەیوەندی نێوان گەشەسەندنی دەوڵەت و بواری سیاسی و پەرەپێدانی بنەمای کارگێڕی.

ئێستا بەشێوەیەکی ڕوون ئەوە دەردەکەوێت، کە ڕەهەندێکی دیکە دەخرێتە سەر ڕەهەندەکانی پێشتر کە پەیوەستن بە بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، ئەوەبش کە گرنگی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان زیاد دەکات، بوونی کێشەو قەیرانی تازەیە، کە پێشتر جیهان بەخۆیەوە نەبینیووە، یاخود پێشتریش هەبوونە، بەڵام ئەوەندەش کاریگەر و مەترسیدار نەبوونە، هەروەهاش بەرژەوەندی زۆر کەسیان نەخستۆتە مەترسییەوە، بۆیە لە ئێستادا هەر کێشێکی ئەکادیمی یان ڕۆژنامەو گۆڤارێک بەدەستەوە بگرین، دەبینین ئاگاداری و وشیارکردنەوەی لەبارەی کاریگەریی ڕەهەندە نێو دەوڵەتییەکانی کارگێڕی و بازرگانی تێدایە، هەروەها ئابووری جیهان لە پلەیەکی بەرزدا ئالۆگۆڕ و تەواوکاری یەکترن، تەنانەت ڕووداوەکان و دوورییە جوگرافییەکان لە کاری ژمێریاری و ئەوانەی بەدوای قەیرانەکانەوە دەچن فەرامۆش کراوە، ئەوەبش هۆکارێکی دیکەی زاڵبوون و بەڕێوەبردنە بەسەر قەیرانەکان و سەرکردایەتیکردنی کارگێڕی هاوبەشدا، ئەو پاڵپشتییە ئالۆگۆڕکراوەبش (Interdependence)کە لە ئێستادا حوکمڕانی جیهان دەکات دەکرێ لە ڕووداوێکی تایبەتی وەک ڕووداوەکەی سپتێمبەری 1992دا وێنا بکرێت، کاتێک بەریتانیا لە یەکێتی دراوی ئەوروپی کشایەوە، کەنەداش بە ماوەیەکی کەم دوای بەریتانیا کشایەوە، کاتێک خۆی خستەنێو مشتومڕێکی دەستووری گەورە. کاریگەری ئەو دوو حاڵەتەش لەسەر کارەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنیان لەسەر ئاستی جیهان ڕەنگدانەوە هەبوو. نمونە لەسەر ئەو ئەو بابەتە زۆرەو لە ژمارە نایەت، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی کێشەو قەیرانی دیکەی تازە، هەروەهاش گەشەسەندنی تێگەیشتنی دیکەش هاتنە ئارا، کە کارگێڕی گەیشتە ئەو ئاستەی ئامانجەکانی بپێکێت و بەپێی توانا بڕیار دروست بکات و جێبەجێی بکات، بەو واتایەی : "هەموو سەرچاوە مادی و مەعنەوەوییەکان، فاکتەرەکانی بارودۆخی ژینگە کە ئەوانیش حوکمی خۆیان هەیە و لەبەردەم دروستکەرانی بڕیاری سیاسی و کارگێڕی کراوەتەوە، لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامێک لەو ئامانجە داواکراوانە". لێرەوە ڕۆڵی سەرکردەی بەڕێوەبردن دێتە ئاراو دەکەوێتە سەر توانا و لێهاتوویی لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکەو گەڕان بەدوای باشترین چارەسەر و بە خێراترین کات و کەمترین هەوڵ و تێچوون، هەروەهاش دەبێ قەیرانەکە بکرێتە فاکتەرێکی هەڵستانەوەو گەشەسەندنەوە، نەک فاکتەری پووکانەوەو بێئومێدبوون، ماوەتەوە بڵێین: قەیرانەکان کاری گرنگ و قورس بەرهەم دێنن و کاری



قەیرانەکان ناتوانن لەو چوارچێوە ستراتیژییە دەربچن، کە لە بیرو هزرە یۆنانییەکانەوە پەرەی پێدراوە



ئەسرین عاسی شوانی

کوردانی رۆژئاوا و دۆخی ئەمڕۆ

ئەوەی ئەمڕۆ لە رۆژئاوا دەگوزەرێت ئەگەر پێمانوابێت تەنها مەبەست رۆژئاوایەو قەڵاچۆکردنی ئەو رێکخراوانەیە کە تورکیا تۆمەتباریان دەکات بە تیرۆرست و نزیک لە پەکەکە، گەر وا تێبگەین هەڵەی گەورە دەکەین لەبەر ئەوەی داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستان (تەواوی سنووری باکوری سووریا) لەلایەن تورکیاوە، بێجگە لەوەی هەوڵی لەناوبردنی نەیارانی خۆیەتی هەروەک ئێردۆگانی رایگەیاندووە)، هەروەها تورکیا بەنیازە دەڤەرێکی (بەناو ئارام) فەراهەم بکات بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی سووریا کە ئێستاکە لە تورکیادان، بێگومان ئەمەش دەبێتە ئەگەری گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو دەڤەرە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم ڕەفتارەی تورکیا دەرکردنی پەنابەرانە لەنێو وڵاتی خۆی بەبێ ڕەزامەندی ئەوان و ئاراستەکردنییانە بۆ ئایندەیەکی نادیار، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین لە گۆڕەپانی لەشکرکێشییەکەی تورکیا بە بۆچوونی چاودێرە سیاسییەکان بە ئاسانی بۆی هەزم ناکرێت لەبەر ئەوەی ئێستا جیهان تاک جەمسەر نییە و قورسایی روسیا لە ناوچەکە بوونی هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندیی وڵاتە زلهێزەکان و دۆزی کورد لە رۆژهەڵات کە بەجۆرێک سەرنجی جیهانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە لەوەناچێت رۆژئاوای کوردستان ئەو پاروە ئاسانە بێت کە تورکیا هەروا بە ئاسانی بۆی قوت بدرێت، لەبەر ئەوەی شەڕۆڤانان لە شەڕی دژی داعش ئێستا بەرگری لە بوونی خۆیان دەکەن لە هەوڵە چەپەڵەکانی تورکیا و پێدەچێت هەروا ئاسان نەبێت خەونەکانی تورکیا بەدی بێن. ئەمڕۆ سۆزی جیهان لاگری دۆزی کوردانی رۆژئاوایەو هەروەها، هەرێمی باشوور بەتایبەتی کە دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتییەکەی نیگەرانی و هاوسۆزی خۆیان بۆ ئەو بارودۆخە دەربڕی و ئەمڕۆش لە ناوخۆی کوردستان و هەموو جیهان هەموو کورد دوور لە ئینتیمای حزبایەتی، پشتیوانی براکانیان دەکەن لە رۆژئاوا و دوا پەیامی سەرۆک بارزانی لە توێتێکدا دەربارەی قەیرانی رۆژئاڤا و هاوخەمی بەرێزیان بۆ دۆخی رۆژئاوا، خۆی لە خۆیدا ئەوە دەردەخات کە رۆژئاوا تەنیا نییە.



پێشهات و ڕووەداوەکانی ناوچەکە یەکڕیزی دەخوازێ

ڕێبوار حەمەلاو شوانی

دوای گەڕانەوەی سوپای سوریا بەدرێژایی سنووری تورکیا، ئیتر نەخشەی داپەشکردنی هێزمووننی سەربازی لەسەر زەوی ئامادە دەبێت بۆ هەڵگیرساندنی ڕووبەڕووبوونەوەی فراوان و فرە لایەن. گەڕانەوەی سەربازانی سوپای سوریا بۆ سنووری تورکیا دەرگا بەڕووی ئەگەری بەریەککەوتنی گەورە دەکاتەوە ئەگەر ئەو سوپایە کەوتە ناو ململانێیەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ هێزە تورکییەکان.

پێشتر سوپای سووریا پارێزگاری لەبوونی خۆی کردبوو بەدرێژایی سنووری قائیم لە عێراق تا بەشی باشووری دێرەزوور و ناوچەکانی باشووری پارێزگای ڕەقەقە بەئاراستەی باکوور بەرەو حەلەب و رۆژئاوا بەرەو دەریای ناوەڕاست. ڕووسیا هەر لە سەرەتای بەهاری عەرەبییەوە لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد و دابەشکردنی خاکی سووریا نەبوو، ئێستا کە دوای کشانەوەی هێزی ئەمریکا دەبێتە بەهێزترین جەمسەر چارەنوسی داهاتوی سووریا دیاری بکات، لەگەڵ هێزی سووریای دیموکرات لەسەرخەت بوون تا لەگەڵ دیمەشق پێکیانبهێنێت و هەردوولایان ڕێکبکەون لەسەر ئەوەی بە زووترین کات سوپای سووریا ڕەوانەی نزیکی عەفرینی داگیرکراو منبەج، پاشان کۆبانی و دواتر کۆی سنووری سووریا ی بە سنووری تورکیاوە، ئێستاش ئەم هەوڵەی ڕوسیا سەری کردو و سوپای سووریا چۆتە ناو منبج و لە پلانیدای لە دەڤەرەکانی دیکەش بلاوە بکات، ئامانج لەم ڕێکەوتنەی هێزەکانی سووریای دیموکرات و سوپای سووریا، ڕێگەگرتنە لە پێشڕەوی سوپای تورکیا و بوار نەدان بە بەکارهێنانی فرۆکەی جەنگی و کوشتن و ئاوارەکردنی زیاتری خەڵکی بێدیفاعی ناوچەکە، لەهەموشی گرنگتر هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانە مەترسیدارەی ئەردۆغان هەیبوو کە بە قۆلایی 30 کم بێتە ناو خاکی سووریا بە ئامانجی جێگیرکردنی ئەو زیاتر لە چوار ملیۆن ئاوارەیەی وەک کارتی گوشار بەرامبەر دونیای دەرەوە بەکاربهێنان... دواجار ڕوسیا پاش حەوت ساڵ ململانێ و بەرەنگاری یەکترکردن لە ئەمریکای ڕکابەری بردەوە و توانی پارتنەرێکی گرنگی خۆی کە دیمەشق بو لە ڕوخان دەرباز بکات. دیمەشق بەم ڕێکەوتنە سودمەندە، دواجار ئەنجامی ململانێی جەمسەرە ناکۆکەکان و تێکچوونی هاوکێشەکە لە بەرژەوەندی کەوتنەوە. پیلانەکەی تورکیا هەڵدەوەشێتەوە، بەدەستی بەتاڵ دەکرێتە دەرەوە و مەرامە مەترسیدارەکانی لانی کەم لە سەر خاکی سووریا جێبەجێ نابن. لەلایەکی ترەوە ئەمریکا وەک زلهێزێکی بێ هەڵوێست کە نە دۆستی هەمیشەییەو نە دووژمنی هەمیشەیی واتە بەهیچ پێوەرێک ئەمریکا بۆیشت پێ بەستن نابێ. دەبێت لە داهاتوودا بۆ ئەو ئەگەر و ئالنگاریانەی لەسەر کورد نزیک وچاوەڕوان کروان کورد بە دوای هاوپەیمانیەتیەکی تری باوڕپێکراو بەفۆرمێکی تر بێتە مەیدان لەپێناو یەکدەنگی و کۆدەنگی زیاتر لەسەرپرسی کورد. ئەوەش بۆهەموپارچەکانی تری کوردستان ڕوون بۆتەوە کە تەنها کوردبوون دەکرێتە بیانوو و ئامانجگەرە کە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بیر لە کۆنگرەی نەتەوەی بکەنەوە مەرج نییە تەنها لە کاتی ئاشتی و ئۆقرەی کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن. ئێستا زەروڕە کۆنگرە ببەستریت هەروەها سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی و تیرۆانین و دووربینی بەرێزیان لە وتارەکانی ڕابردوودا ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ هەمیشە هۆشداری لەبارەیەوە داوە وپێویست دەکات سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەپیر بانگەوازەکەی رابەر و مەرجەعی کورد مەعود بارزانییەوە بێن و ئەوەی لە دەستیان دێت بۆ کوردانی رۆژئاوای بکەن. قۆناغی ئێستامان هەستیارە و ئەوەی دەتوانێت گەلی کورد بەرامبەر بە گەردەلوول و دۆخە کتوپڕەکان بپارێزێت یەکڕیزی و یەکبوونی گەلی کورد و پشت بەستنە بەو سیاسەتە حەکیمانەیەی کە هەمیشە لە خەمی ئایندەی نەتەوەکەیەتی بین.

گرفتی بەڕێوەبردنی ناحیەکان





کاروان کەریمخان

لە زۆرێک لە وڵاتاندا ناحیەکان لە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری ناحیە دادەبن کە دەبێتە نوێنەری حاکمیەتی وڵات. شێوازی دانانی بەڕێوەبەری ناحیە بەم جۆرەیە کە لەلایەن قایقام پێشنیاز دەکرێ و لەلایەن پارێزگار قەبوڵ دەکرێ و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری لەسەر دەدرێ.

بەڕێوەبەری ناحیە لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆی بە نوێنەری دەوڵەت لە قەڵەم دەدرێ و دەسەڵات جێبەجێ دەکات. ئەرکێکی سەرەکیشی ئەوەیە هەماهەنگی لە نێوان هەموو دەزگاو کۆمپانیاکانی حکوومی، کە بەشێکی بودجەی وڵاتیان بۆ تەرخان کراوە، دروست بکات. واتە بەڕێوەبەری ناحیە سیمبولی دەسەڵاتی دەوڵەتە و ئەرکی سیاسی و ئاسایشیی ناوچەیەک چاودێری دەکات و پرۆژە ستراتیجی و نیشتیمانیە گشتیەکان لە ژێر وردەبین دەکرێ. بەڕێوەبەری ناحیە دەبێ لە بەرامبەر سەرووی خۆی کە قایمقام و پارێزگارە وەڵامگۆ بێت. لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا کاتێک پارتێکی سیاسی لە هەڵبژاردن سەر دەکەوێ و ئەرکی پێکهێنانی کابینەی دەکەوێتە ئەستۆ، نوێنەرەکانی خۆی دیاری دەکات کە بریتین لە وەزیر، پارێزگار، قایمقام و بەڕێوەری ناحیەکان. کەواتە مادام پارتی سیاسی و کابینەی دەوڵەت بە هەڵبژاردن دێنە سەر کار پێویست ناکا جارێکی دیکە هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی کابینەی براوە، کە پارێزگار و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەن، بکرێت. پێویستە کابینەی حکوومەت بە دەسەڵات و هێزی خۆی نوێنەرانی خۆی لە پارێزگاکان، شار و شارۆکەکان دیاری بکات. لە بەرامبەردا بۆ پتەوکردنی حکوومەتی شار یان حکوومەتی خۆجێیی پێویستە شارەوانییەکان هەڵبژاردنیان تێدا بکرێ و وەک ئەنجوومەنی شار دەسەڵاتی فراوان و یاساییان هەبێ، پێویستە دەسەڵاتی شارەوانییەکان، کە دامەزراوەیەکی نیوە حکوومی و نیوە خەڵکییە، زیاتر بکرێت. تەنانەت لە بەر ئەوەی کە شارەوانی دامەزراوەیەکی نیوە حکوومی و نیوە خەڵکییە، ڕەنگە وا باشتر بێت کە شارەوانی لە چوارچێوەی وەزارەتدا لە ناو کابینەیەکی دەوڵەتدا نەبێ بەڵکو ببێتە دامەزراوەیەکی نیوە حکوومی و نیوەو لەبەرامبەر پەرلەمان و سەرۆکی وڵات و سەرەک وەزیر بەرپرسیار بێت.

بەم تێڕوانینە ئەگەر سەیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین کە بە پێی دابەش کردنی دەزگاکانی میری لە ناو دەوڵەتی عێراقدا دابەشی سێ مەرجەعی پارێزگا، قایمقامیەت و ناحیە دەکرێ. لێرەدا سێرەی ئێمە لە سەر بەڕێوەبەری ناحیە دەبێ. بەڕێوەبەری ناحیە کاروباری شارۆچکەیەک و چەند دێهاتێکی لە ئەستۆیە. بە پێی کات و شوێن و چۆنیەتی دروستبوونی دەوڵەتی موزاییکی و ناسروشتی عیراق و دۆخی کۆمەڵایەتی ئەوکات، شێوازی دانانی بەڕێوەبەری ناحیە بە پێی دیدگای ئاسایشیی و دروست کردنی نەزم بووە. هەروەها چونکە ئاستی خوێندەواری و پێشکەوتن سنوردار بووە و نەدەکرا دادگا لە هەموو شوێنێک هەبێت و کاری بەڕێوەبەرەکانیش تا ڕادەیەکی زۆر لە چوارچێوەی کاروباری یاسایی و ئەمنی دابوو، پێویست بوو بەڕێوەبەری ناحیە دەرچووی بەشی یاسا بێت، بۆ ئەوەی بزانێ لە بەرامبەر ئەو کەسەی بتلێ غاز و سەرەشێرە دەزێ چی بکات یان چۆن کارتی پێناس بۆ خەڵک دەربێنی یان پێویست بوو یاساکانی ئیداری بزانێ. بە واتایەکی دیکە بەڕێوەبەری ناحیە لە ناو بازنەی ئەرک و ئامانجی دەوڵەتانی پێشوودا ئەرکێکی پڕلیسی هەبووە و ئێستا لە عێراق و کوردستان دوای یەکیان ئەوەبە کەسانی کز و لاواز بە لێشاو هێرش دەکەنە بەشی یاسای زانکۆکان و لە زانکۆ کۆڵەکانی کوردستان و دەرەوە بڕوانامەیەکی خێچپی بێ هەبوونی ماکی زانست و سەواد بە دەست دێنن و دواتر هەوڵ دەدەن ببنە بەڕێوەبەری ناحیە. لێرەدا دیارە کە ناحیە و شێوازی بەڕێوەبردنی شار بە دەستی ئەم جۆرە بەڕێوەبەرانە دەکەوێتە چ زلکاوێک. لە لایەکی دیکە تەنانەت ئەگەر بەڕێوەبەری ناحیە لە زانستی یاساشدا زۆر لێهاتوو بێت ناتوانێ بە بێ زانستی بەڕێوەبردن، بەرنامەڕێژی و دانانی خەتی مەشی، کۆمەڵناسی، ئابووری و دیدگای سیاسی و فەرهەنگی پۆتانسێلەکان بناسێ و بەرنامەی پێشکەوتنی شار بە شێوەیەکی پلان و ئامانجدار دابڕێژێ. ڕاستیەکەی ئەوەیە دەبێ زانستی یاسا بەشێک بێت لە دیدگای بەڕێوەبەر و ببێتە ئامرازی دەست بۆ ئامانجەکانی، نەک یاسا بە ڕووتی ببێتە فاکتەری کار. تەنانەت کەسی یاسایی دەبێ ببێتە ڕێنوێن و ئامراز بۆ کەسێک کە لە زانست و شێوازی بەڕێوەبردن و گەشەی شار دەزانێ نەک یاسازان ببێتە سیستەمی ناحیەو بەڕێوەبەر نەگۆڕاوە.

لێرەدا پرسیارێکی هەستیار دێتە پێش، ئایا ئێستا کە ئەرکی دەوڵەت، ئامانجەکان و پێداویستیەکان گۆڕاون و ئاستیان هەڵکشاوە دەبێ پێوەر و شێوازی دانانی بەڕێوەبەری ناحیە هەر وەک ببیر کردنەوەی خۆڕئاوی جاران بێت؟ بە پێی گۆڕینی سەردەم و ئامانجەکان پێ دەچێ وابا شتر بێ پێداچوونەوە بە پێوەری دانان و ئەرکەکانی بەڕێوەبەری ناحیەدا بکرێت تاکو بتوانرێ شارەکان بەرەو پێش بچن.

لە دریژەی وەڵامی پرسیار، بە دیدگای زانستی جێبەجێ کردن، گرفتێکی هەستیار و سەرەکی بیروکراسی حکوومەتی کوردستان ئەوەیە کە بە پێی گۆڕینی جیهان و پەیدا بوونی ئەرک و ئامانجی نوێیی دەوڵەتان بە دەزگاکانی میری خۆیدا نەچۆتەوە و هەر بە پێی یاسا کۆنەکانی جاران کار دەکات. لە کاتێکدا یاسا ناکارا و بێ بڕەوکان وەک ئەوە وان کە بتەوێ لێترێک ئاو لە ناو قەبارەیەکی بچووکی چەند سیستەمی کۆنەکراوە بکەیت، ئەوا ئەو سیستەمە ئاو ڕادەگرێ و ناهێڵێ ئاو بڕوات و ئەو کاتەی کە ئاو زیاد دەکەیت ئەوا سیستەمەکە دەتەقێتەوە. بۆیە ئەگەر بمانەوێ بەڕێوەبەری ناحیە بکەین بە ئەرکێکی سەرەکی و ئەرکەکانی بەڕێوەبەری ناحیە بەرفراوان بکەین، ئەوا پێویستە یاسا و یاسادانان بۆ ئەو ئاستە بگۆڕدرێ و ئەرکی بەڕێوەبەری ناحیە بەرفراوان بکرێ و ئەرکەکان



لە پەراوێزی جێبەجێکردنی کارنامەی نۆیەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سێکتەری هونەری

خەبات: تریفە ئازاد

لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی کردووە، بێگومان چاکسازی و خزمەتگوزای و پێشڤەبردنی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی سێکتەرە جیاجیاکانی جومگەکانی حکوومەت کاریی لەپێشنیەی حکوومەتی کوردستان دەبێت. هەڵبەت هەماهەنگی نێوان حکوومەت و هاوڵاتیان و فەرمانبەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە ئەگەری سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی کارنامەی خۆی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەت ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات لە پەراوێزی جێ بەجی کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات لە تەوەرێکی ئالوگۆڕی بیروڕادا، بیروبۆچوونی شارەزا و پسپۆری سێکتەری جودا جوداکان وەرگرێت وەک هاوکاری و بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

هونەرمەندانیش ڕۆڵی گرنگیان دەکەوێتە ئەستۆ لە پاراستنی هونەری ڕەسەن

لەسەرەتادا لە بارەی ڕەوشی هونەری و گرینگی هونەر و کارکردن بۆ بەردەوێتشبردنی هونەر لە چوار ساڵی داهاتوو، هیوا سوعاد بەڕێوبەری شانۆ، گوتی: پاراستن و بەرز ڕاگرتنی هونەری ڕەسەن تە نها بەحکومەت ناکرێت ئەگەر هاوکاری سە ندیکای هونەرمەند ندان و خودی هونەرمەندان نەبێت بەڵام بۆ ئەوەی حکومەت زەمینەسازی بکات و هاوکار بێت لە پاراستن و بەرز ڕاگرتنی هونەری کوردی پێویستە چەند هەنگاوێکی جدی و زانستیانە بهاوێژێ لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە حکومەت لە پلان و بەرنامەی کاری خوی هونەر وەک بە شێک و توخمێکی سەرەکی ستراتیجیەتی خۆی دابنێ لە هەموو سێکتەرەکانی خۆی بایەخی پێ بدات و بوودجەی بۆ دابین بکات و لە و شێوە کەمالیەی ئێستا دەربچێت بەرێوبەراتییە هونەرییە سەرەکیەکان بکرێن بە دەزگای هونەری و دەستکراوە بن لە سازدانی چالاکیە هونەرییەکان و دەزگایەکی تایبەت بەئەرشیفی هونەری داهمەزرێت و ئامێر و پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت ڕاوێژکار و شارەزای پسپۆڕی بۆ دابنێین. ئەمەش هەرچی بەرهەمی هونەری ئەرشیفی دەکات هەرچی گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەن و فۆلکلۆری و هونەرمەندان. هەر وەک لە پێشتریش باسم کرد هونەرمەندانیش ڕۆڵی گرنگیان دەکەوێتە ئەستۆ لە پاراستنی هونەری ڕەسەن چونکە کاری جوان وتۆکمە و داهێنەرانەی هونەرمەندانە هەموو لایەک ناچار دەکات ڕێز لە هونەری ڕەسەنی سەردەمیانە هەیە ئەرشیفی دەکات دوای ڕاوێژ و پەسەندکردنی شارە زایان. هە ڕوە ها کارکردن بە بڕیاری پاراستنی مافی هونەری هونەرمەندان و مافی لە بەرگرتنەوە و نەهێشتنی دیاردەی دزین و شێواندن و ماف خواردن... ئەمەش بە یاساکردنی ئەم بڕیارە دەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە کە پرۆژەیەکی سەندیکای هونەرمەندانەچاوەڕێ جێبەجێکردنین. هەروەها بایەخدان بە سەندیکای هونەرمەندان وەک مەرجەعی کوردی بگرن.


هیوا سوعاد

گرینگی دان بە بواری هونەری میللیی بەدر هەولێری سەرۆکی تیپە هونەرە میللەکانی هەولێر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بێگومان هەموو نەتەوەیەک خاوەنی کەلەپووری تایبەتی خۆیەتی کەلەپووریش خۆی لەخۆیدا فرەچەشنە لایەنێک لە لایەنەکانیدا هەڵپەرکێی میللییە نەتەوەی کوردیش هەروەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان خاوەنی کەلەپووریکی دەوڵەمەندو هەمەڕەنگە هەڵپەرکێش بەشێکە لەگەنجینەی فەرهەنگی نەتەوایەتی کورد خاوەنی سامانێکی مەزنی هەڵپەرکێیە وەلێ بەداخەوە بەپێی پێویست وەک پێویستە ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و بەشێکی زۆری لە بیرچووەتەوە و ئێستا تەنها لە چەند گوندێکی دوورەدەستی وڵاتدا ماوە و ئەویش بە هۆی ئەوەی کە ئەو گوندانە بە تەواوی لە ژیانی شارستانی دابڕاون و هیچ جۆرە پەیوەندیەکیان بە دنیای دەرەوەی خۆیانەوە نیە. بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی ئەو بەشە لە کەلەپووری میللیی کە لە ناوچەکانی دیکەی وڵات هەیە بۆ ناوچەکانی دیکەی وڵاتیش بگوازرێتەوە و بناسێنرێت.


بەدر هەولێری

گرینگی ئەو هەنگاوانە چین کە وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ پاراستنی هونەری ڕەسەن هەڵیگرتووە؟

سامی کاکە هونەرمەندو دەرهێنەر لە بارەی گرینگی هونەر لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم گوتی: سەرەتا پێم وایە هونەری کوردی لەناو خەڵکە بەس چ هونەرێک دەکرێت هونەری پرۆفیشنالْ و هونەری بازاری لێک جیا بکرێتەوە ئەگینا هونەری کوردی لەم سەردەمە ئاسانتر لەجاران دەگات بەخەڵک، چونکە چەندین ڕێگامان هەیە بۆگەیاندنی، چەندین کەناڵی ئاسمانیمان هەیە بەمەرجێک ئەو کەناڵە کوردیانە زیاتر گرنگی بە بەرهەمی خۆمالی بدەن لە بەرهەمی بێگانە من ئەگەر باسی هونەری سینەما بکەم لەم سالانەی دوایی لە ڕێگای فیستڤاڵە نێودەوڵەتیەکان توانیویەتی هەنگاوی گەورە بهاوێژێت ببێتە جێگای سەرسوڕمانی کولتورە جیجیاکانی تر و سینەما توانی زیاتر گەلی کورد بە جیهانی دەروە بناسێنێ، بەڵام دەکرێت حکومەتی کوردستان زیاتر ڕێگە خۆش بکات بۆ هونەر بەگشتی و سینەما بە تایبەتی چونکە هونەر ناسنامەی گەلانە، من پێم وایە هەموو هونەرێک گرنگی خۆی هەیەو دەکرێت گرنگی بە هەموو بوارەکانی بدرێت بەڵام ئەمڕۆ بەرای من هونەری سینەما زیاتر و ئاسنتر دەگات چونکە بەبێ مۆڵەت لە ریگای ڤیستڤاڵە جیهانیەکان سەرجەم سنووردکان دەبڕێت.


سامی کاکە

پێویستە لە داهاتوو پێوەرێک هەبێت بۆ کارە هونەرییەکان لە لایەن حکومەت

هونەرمەند لوقمان سەلیم گورانبێژی کورد، بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: هیوا دارم حوکومە تی هەرێم لە چوار ساڵی داهاتوو بتوانێ لە ڕێگای وەزارە تی ڕۆشنبیرییەوە چارەسەرێکی گونجاو بۆ هونەرو هونەرمەندان بدۆزێتەوە ,پێویستە وەزارە تی ڕوشنبیری. کەنالێکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەبێت. بۆ ئەوەی هونەرمەندان لە ڕێگای ئەو کەناڵەوە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە بۆمانە: لە ئایندە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەنالێکی. تە لە فزیۆنی بکاتەوە . دیارە من لەسە ر بەشەکەی خۆم قسە دەکەم کە موزیک و گۆرانیە. هونەرمەندان کلیپەکانیان. بهێنن بو ئە م کەناڵە وپێوەرێک. هەبێت بۆ وەرگرتنی کلیپی هونەرمەندان لە لایەن حکومەت . پێویستە. باشترین و باشتر و مامناوەند. دوای ئەوە ی ئەمانە لە یەکتری جیاکرایەوە ئەوکاتە دەتوانرێ وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕە پارە یەک وەک موکافە بدات بە خاوەنی کلیپەکە وەک پاڵپشتیەک بۆ هونەرمەند لە هەرچوار پاریزگاکەی هەرێم.

چوار ستۆدێۆی پرۆفیشنالی تۆمارکردنی موزیک و گۆرانی دابمەزرێنێت بەکامیل جیهازی کوالێتی سەردەمیانە بۆئەوەی چیتر هونەرمەندان ناچار نەبن لە ستودیۆکانی دەرەوە بەرهەمەکانیان تۆمار بکەن لەهەمان کاتیش نرخێکی ڕەمزی دابنرێت بۆ تۆمارکردنی هەر بەرهەمێک کە لە هونەرمەندەکە وەربگێرێت بە مەرجێک پێویستە کۆپی رایت رابگێرێت بۆ ئەوەی چیتر مافی هونەرمەندان نەخورێت ماندوو بونیان بەخەسار نەچێت و پێویستە لەکاتی بڵاوبوونەی ئەلبومەکەی بە نوسخەی ئۆرجینال بێت نەک دوای چەند ڕۆژ کۆپی بکرێت و لە بازارەکان بێت ئەمە هونەرمەند توشی زیانی زۆر دەکات، ئاسان کاری بکرێت بۆ هونەرمەندان بۆ وەرگرتنی ڤیزای وڵاتان. بۆ چوونە دەرەوە یان بۆ کۆنسیرت و ئاهەنگە کولتوری وفەرهەنگیەکان. ئەمیش وە زارە تی ڕۆشنبیری ئەتوانێ هەماهەنگی بکات لەگەڵ وڵاتان بۆ ئەو مەبەستە بۆ ئەوەی ئەو ئالوگۆڕە هونەری و کولتوریبیە دروست بێت لەگەڵ وڵاتانی تری دونیا ئەوانەی کە باسم کرد چەند ئمونەیەکن کە هیوادارم لە ئایندە یان باشترە بڵێم لە چوار ساڵی ئایندە ئەم خالانە کاری لەسەر بکرێت.

هونەری سینەما لە ئێستا توانیوەتی هەنگاوی گەورە بهاوێژێت

سامی کاکە هونەرمەندو دەرهێنەر لە بارەی گرینگی هونەر لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم گوتی: سەرەتا پێم وایە هونەری کوردی لەناو خەڵکە بەس چ هونەرێک دەکرێت هونەری پرۆفیشنالْ و هونەری بازاری لێک جیا بکرێتەوە ئەگینا هونەری کوردی لەم سەردەمە ئاسانتر لەجاران دەگات بەخەڵک، چونکە چەندین ڕێگامان هەیە بۆگەیاندنی، چەندین کەناڵی ئاسمانیمان هەیە بەمەرجێک ئەو کەناڵە کوردیانە زیاتر گرنگی بە بەرهەمی خۆمالی بدەن لە بەرهەمی بێگانە من ئەگەر باسی هونەری سینەما بکەم لەم سالانەی دوایی لە ڕێگای فیستڤاڵە نێودەوڵەتیەکان توانیویەتی هەنگاوی گەورە بهاوێژێت ببێتە جێگای سەرسوڕمانی کولتورە جیجیاکانی تر و سینەما توانی زیاتر گەلی کورد بە جیهانی دەروە بناسێنێ، بەڵام دەکرێت حکومەتی کوردستان زیاتر ڕێگە خۆش بکات بۆ هونەر بەگشتی و سینەما بە تایبەتی چونکە هونەر ناسنامەی گەلانە، من پێم وایە هەموو هونەرێک گرنگی خۆی هەیەو دەکرێت گرنگی بە هەموو بوارەکانی بدرێت بەڵام ئەمڕۆ بەرای من هونەری سینەما زیاتر و ئاسنتر دەگات چونکە بەبێ مۆڵەت لە ریگای ڤیستڤاڵە جیهانیەکان سەرجەم سنووردکان دەبڕێت.

هونەرێکی میللی گرینی پێنەدراوە چ لەرووی پەرەسەندن و گەشەسەندنی لەسەر ئاستی پراکتیکی یاخود وەک لێکۆڵینەوە و باس کردن یان وەک بە ئەرشیف کردن ئەمەش دەگەڕینەوە بۆ چەند هۆیەک لەوانە ئێمەی کورد تائیستا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و سەربەخۆی نەبووینە بە دێژایی مێژوو مافی سیاسی و فەرهەنگیمان لێ زەوت کراوە و پاشان نەبوونی کەسانی شارەزا و فێرکەری بە توانا لە بواری هەڵپەرکێدا وێرای ئەمانە کەپوور و فەرهەنگی نەتەوایەتیمان بەردەوام کەوتۆتە بەر لێزمەی چەواشەکردن و گۆڕین و بەڵگەش بۆ ئەمانە زۆرن یەکێکیان چەندەها هەڵپەرکێ و ئاوازی کوردی هەن کە لەسەرچاوەدا کوردی ڕەسەن، بەڵام ناوی نەتەوەی دیکەیان لێ ناوە یاخود هەندێ سترانبێژ و چیرۆکنووس و شاعیری کوردی هەن کە خزمەتی هونەر و ڕۆشنبیری گەلانی دیکە دەکەن، لەبەر نەبوونی ئەو ئازادیەی بە زمانی خۆیان بۆ گەلەکەیان بنوسن و بیچرن و زۆربەی بەرهەمەکانیان ئیلهام و سەرچاوەی کوردین، لەنێو هەندێ وڵاتانی پێشکەوتوو دا گرنگی یەکی تایبەتی دراوەتە هونەری هەڵپەرکێی میللیی وەک هەمی دەقەرێن رزگارکری کونترول بکەن جارەکا دی پێشمەرگە زفری خالا دەست پێکی. د دەمەکێ دا کو هزاران پێشمەرگەیێن قەهرەمان بێن قوربانی ڤان دەقەرا. ئەڤرۆژی ڕۆژئاڤایێ کوردستان ب هەمان دەرد و سیناریوا باشوریێ کوردستان و خرابتر دەرباز دبیت، پشتی هەلکرنا گلوپی کەسک ژ لایێ هەڤپەیمانان بۆ تورکیا عەفرین هات داگیرکرن، ئەڤرو هێرشەکا دی یا هەمان رەنگ هەیە بو داگیرکرنا دەقەرێن دی یێن کوردستانی . هەڤپەیمانێن کوردان تایبەت ئەمریکا بەردەوام کورد ب دوست و هەڤپەیمان ددان ناسین دەمێ گەرمە گەرما شەرێ داعش دا لێ ئەڤرۆ بێ هەڵویستە، دۆستەکێ خراب و بێوەفا و بەرژەوەندیخواز ڕاکر سەر خەلکێ وان وەڵاتان کە تەنانەت ژ دیتنا ڤیدیویێن ڤی شەری دا خەو چاڤا نەدکەفت . پشتی ڤێ خەباتا زۆر وەسا هزر دهات کرن کە ژبەر ڤێ قوربانیا کوردان دایی، ئیدی جیهان دێ ڕێزێ ل ڤێ قوربانییێ گریتن، ئەگەر هەر چ نەبیت چ ئاستەنگیا دروست ناکەن کە کورد وان دەقەرێن خوە ڕێڤەبەن ئەوێن ب خوینا خو رزگارکری.

لێ مخابن زوور پێ نەچوو دەمێ ریفراندوما هەرێما کوردستان رویێ راستەقینە زۆر وەڵاتان دەرکەفت، بەشەک ژ وان وەڵاتان و گروپەکا خیانەتکار کوردا گلوپێ کەسک هەلکر کە لەشکرێ عێراق ڤان دەرچوون.

ئەنجامێن دیماهیکێ شەرێ داعش هێدی هێدی دەردکەڤیت کە ژ بلی هندێ کورد ب پالەوان و شەرکەرێن زیرک هاتن ناسین، چ تشتەکێ دی زێدە نەبوو، زیانێن مەزنێن گیانی و مادیی بو کوردان و بەرهەمیش بۆ وان ئەوێن مالێن خوە رینشتی.

یا جهێ ئەسەف و بەحسکرنە، زوور خالێن خراب ناڤا



پاداشتێ کوردا پشتی ژناڤبرنا داعش

عدنان محمدتاهر زێباری/ ئاکرێ

داعش د دەستپێکا هێرشێن خودا وەکی ئاگری مەزن بوو، چ هێزەکێ نەشیا خوە لبەر ڤی ئاگری بگریت، د دەمەکێ کورت دا شیا دەوڵەتەکا مەزن دامەزرینی لسەر ئەردێ سوریا و عیراق، لەشکرێن ڤان وەڵاتان نەشیان خوە لبەر هێزا داعش راگرن، سەرەڕایی هەبوونا چەکێن مەزن و پێشکەفتی د دەستێ ڤان لەشکران دا.

ب تنێ هێزێن کوردستانی شەرڤان ل روژئاڤا و پێشمەرگە ل باشور، شیان ل هەمەر داعش خو ڕاگرن و سەنگەر چول نەکرن، لێ ژبەر نەبوونا چەکێ پێتڤی دەستی دا مەترسی دروست بوو، پشتی وەڵاتێن جیهانێ بریار دایی بەشەک ژ هاریکاریێن لەشکری پنتڕن بو هێزێن کوردی، ئیدی داعش ژ دەوڵەتێ بەرەڤ نەمانێ چوو، هنارتنا ڤی چەکی دەمەکێ دا بوو کو ڤێ ڕێکخراوا درندە گەف زۆر ل وەڵاتان دکر. وەڵاتێن جیهانێ ئەڤ هێزە ب مەترسی بوو سەر خوە دزانی. هێزێن کوردی سەر ئەردی ب نوێنەراتیا جیهان شەڕێ ئەڤێ ڕێکخراوا تیرورستی (داعش) دکر، دڤان شەران دا زیانێن مەزنێن مروڤی و مادی هەبوون، سەدەهان پێشمەرگێن کوردستانێ بوونە قوربان، ژێرخانا ئابوری وێران بوو، کار گەهشتە وی رادەدی کو باژێرەکێ وەکی کوبانێ ب تمامی هەرفت، وەڵاتێن هەڤپەیمان لەشکرێ وان ب تنێ جهێن بریارێ بوون و کێمترین زیان گەهایێ، راستی دا مفایێ وەڵاتێن بیانی شەرێ داعش گەلەک زێدەتر بوو ژ زیانێن گەهایێ، تایبەت مفایێن ئابوری و سیاسی .

ژناڤبرنا دەوڵەتا داعش و روخاندنا پایتەختێ وان سەر دەستێ هێزێن کوردستانی کارەکێ مەزن بوو کو دمێژووێ دا هاتی تومارکرن، ئەو مەترسی دەوڵەتێ بەرەڤ نەمانێ چوو، هنارتنا ڤی چەکی دەمەکێ دا بوو کو ڤێ ڕێکخراوا درندە گەف زۆر ل وەڵاتان دکر. وەڵاتێن جیهانێ ئەڤ هێزە ب مەترسی بوو سەر خوە دزانی. هێزێن کوردی سەر ئەردی ب نوێنەراتیا جیهان شەڕێ ئەڤێ ڕێکخراوا تیرورستی (داعش) دکر، دڤان شەران دا زیانێن مەزنێن مروڤی و مادی هەبوون، سەدەهان پێشمەرگێن کوردستانێ بوونە قوربان، ژێرخانا ئابوری وێران بوو، کار گەهشتە وی رادەدی کو باژێرەکێ وەکی کوبانێ ب تمامی هەرفت، وەڵاتێن هەڤپەیمان لەشکرێ وان ب تنێ جهێن بریارێ بوون و کێمترین زیان گەهایێ، راستی دا مفایێ وەڵاتێن بیانی شەرێ داعش گەلەک زێدەتر بوو ژ زیانێن گەهایێ، تایبەت مفایێن ئابوری و سیاسی .

ژناڤبرنا دەوڵەتا داعش و روخاندنا پایتەختێ وان سەر دەستێ هێزێن کوردستانی کارەکێ مەزن بوو کو دمێژووێ دا هاتی تومارکرن، ئەو مەترسی

Dyar Magenat Jyden Blatch Nist

وون بوون

مەنەفێست بەناوی شرکە عادل عثمان محمدامین جۆری ئۆتۆمبێل چیلی صالون ڕەنگ سور مۆدێل ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٤١ کاتی هەولێر ژمارەی شاصی: LB٣٧٦٢WZ٥HL٠٦٤٣٨٦ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بێگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە بەشی ڕێنمایی پەروەردەی دەروونی بەناوی شەهین دارا حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بێگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ناسنامەی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەناوی بشار عبداللە محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بێگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

المديرية العامة للدوائر العدلية
دائرة كاتب عدل سميل
العدد /٢٥٥
التاريخ/ ٢٠١٩/١٠/١٤
اعلان

المنذر /نيري يوسف عبدالله / وكيلها المحامي /عبدالله يوسف عبدالله بموجب الوكالة العامة المرقمة (١٤٢٦) في (٢٠١٩/٥/١٦) الصادر من دائرة كاتب عدل سميل المنذر اليهم /١/محمود حسن موسى ٢/ عبدالحميد حسن موسى ٣/مصطفى حسن موسى ٤/خلات حسن موسى ٥/ولات حسن موسى ٦/ابراهيم حسن موسى ٧/فاطمة حسن موسى ٨/زهرة حسن موسى ٩/عائشة حسن موسى ١٠/شرين حسن موسى ١١/ بروين حسن موسى

سبق وان اشترت موكلتي (نيري يوسف عبدالله) العقار المرقم (٢٦٩٤/١) مقاطعة (١١ سميل) ولامتناعكم عن تحويل ملكية حصتكم من العقار المذكور اعلاه باسم موكلتي ورغم المطالبات المتكررة اليكم الا انكم ممتنعون عن ذلك وعليه فقد اقتضى انذاركم بضرورة حضوركم امام مديرية التسجيل العقاري في سميل صباح يوم الاثنين الموافق ٢٠١٩/١٠/١٤ ولمجهولية محل اقامتكم حسب اشعار مختار (محلة نوروز) وكتاب مركز شرطة سميل المرقم (٤٢٨٩) في ٢٠١٩/١٠/٩ والانذار المرقم (٤٨٠) المصدقة لدى دائرة كاتب عدل سميل في (٢٠١٩/١٠/٧) عليه ننذرك بواسطة الصحف المحلية اعلاه عتبارا من تاريخ نشرها .

وقد اعذر من انذر
كاتب عدل سميل / سالم سليمان خليل

* * *

محكمة بداءة /العمادية
العدد/٣١/ب/٢٠١٩
التاريخ/١٥/١٠/٢٠١٩
اعلام

الى المدعى عليه (شركة اسنكران) مديره المفوض شاخوان حامد اضافة لوظيفته / مجهول محل الاقامة

اقام المدعي (محمد سعيد شعبان عبدالله) الدعوى البدائية المرقمة (٣١/ب/٢٠١٩) عليك امام هذه المحكمة والذي يطلب فيها ب (بتاديتك للمدعي مبلغ قدره (٧١٦٣٧٥٠) سبعة ملايين ومائة وثلاثة وستون الف وسبعمائة وخمسون دينار كاجر مثل للفترة من ٢٠١٤/١/١٧ ولغاية ٢٠١٨/٩/١ مع تحميلك المصاريف واتعاب المحاماة) عليه ولمجهولية محل اقامتك حسب كتاب مديرية التبليغات القضائية في السليمانية بالعدد (١٤٠٦) في ٢٠١٩/١٠/١٣ عليه قررت هذه المحكمة تبليغك عن طريق النشر في صحيفتين محليتين يوميتين للحضور في يوم المرافعة المصادف يوم ٢٠١٩/١١/٣ وعند عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك سوف تجرى المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول

القاضي / طارق رمضان صالح

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى
العدد /٤٢٣/ت.د/٢٠١٧
اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٤٢٣/ت.د/٢٠١٧ المتضمن بيع المنقول السيارة تويوتا هايلوكس بيك اب دبل قمارة المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثالث التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ٤٢٣/ت.د/٢٠١٧ النوع تويوتا هايلوكس بيك اب دبل قمارة موديل ٢٠١٤ الرقم ٢٦١٤٧ دهوك حمل اللون احمر القيمة المقدرة (٢٨٨٠٠٠٠٠) ثمانية وعشرون مليون ومائتان الف دينار عيراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

كۆلێژی هەولێر پزیشکی بۆ خۆی وئێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنوسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- ئامێری مکنێسەی تۆز و خۆل ڕاکێشان ژمارە/ ٢١١٢٠٠٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥ امپێر.

٢- ئامێری جەگی بەرزکردنەوەی سیارە ژمارە/٢١١٢٠٠٧ دروستکراوی المانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی هایدرۆلیك توانای TON ٥.

٣- چواردانە ئامێری ترۆمپای دفعی ئاو ژمارە/ ٢١١٢٠٠٨ و ٢١١٢٠٠٩ و ٢١١٢٠١٠ و ٢١١٢٠١١ دروستکراوی ایتالین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤,٥*K.W٤.

٤- دووانە ترۆمپای دفعی ئاو/بجوك ژمارە/ ٢١١٢٠١٢ و ٢١١٢٠١٣ دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٠,٥٠*K.W٢ هاوپێچ تانکی و خەزانی ئاو.

٥- دوو دانە بوتلی گرتنەوەی شامپۆ ژمارە/ ٢١١٢٠١٤ و ٢١١٢٠١٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W١.

٦- کۆمپرێسەری هەوا ژمارە/ ٢١١٢٠١٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٧,٥ K.W.

٧- غەتاسی دەرهێنانی ئاوی ناو بیر ژمارە/ ٢١١٢٠١٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٥,٥ K.W.

٨- فلتەری پالاوتنی ئاوی بەکارهاتوو ژمارە/ ٢١١٢٠١٨ دروستکراوی خۆمالی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢,٥ K.W.

٩- ئامێری بەرهەم هێنانی کارەبا ژمارە/ ٢١١٢٠١٩ دروستکراوی فرنسی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای ١٥٠ K.V.A.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٤٥٢٠/ش/٢٠١٩/١
ڕێکەوت:١٥/١٠/٢٠١٩
جاردان

بۆ/ داوالێکراو (هینگاو خضر محمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە.

داواکار (ورده عمر کریم) داوای ژمارە (٤٥٢٠/ش/٢٠١٩/١)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (جیابوونەوە) دەکات بەهۆی نەدانی بژێوی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشاری مختاری (گەرەکی کوردستان) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت خۆت یان بریکارێکی یاسایی لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١١/٦ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی نەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

داوەری یەکەم/ دیار محمد علی

* * *

دەکرێت و بڕوانامەی پێ دەدرێت.

ژ ناوی ئامێر ا ژمارەی ئامێر ا دروستکراو ا مۆدێل ا توانای کارەبایی ا

١- ئامێری cnc نیەتی ا تورکی ا ٢٠١٦ ا ٥ A ا

٢- ئامێری cnc قەوس ا نیەتی ا تورکی ا ٢٠١٦ ا ٥A ا

٣- خەباتە نیەتی ا تورکی ا ٢٠١٦ ا ٢٥ A ا

٤- کۆمپرێسەر نیەتی ا تورکی ا ٢٠١٦ ا ٢ A ا

٥- ڕۆڵ نیەتی ا تورکی ا ٢٠١٦ ا ٢ A ا

٦- هۆپەر نیەتی ا ناوخۆ ا ٢٠١٦ ا ٢ A ا

٧- تەرازوو نیەتی ا تورکی ا ٢٠١٦ ا ٥ A ا

سیامندمحمدصالح
دادنووسی یەکەمی کەلار
٩ / ١٠ / ٢٠١٩ ا

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٥٦/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٦
جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٦٢٠٢/هەولێر بارهەلگر) جۆری (امیکو/ قەلاب ٦ تەن) مۆدیل (٢٠٠٧) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (عبدالواحد عثمان رسول) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٣٠) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: ٤,٢٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار).

دادەوری یەکەم / دیار محمد علی

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر
ژمارە: ١١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٦
ئاگاداری

لەسەر داوای هاووڵاتی (عسل علی صالح) نەوەی (ثالثە قدیر محیمید) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (ثالثە غدیر محیمید) بۆ (ثالثە قدیر محیمید) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (١٠٣ ، ٧٧ ، ٩٨ ، ٣٠ ، ٢٨) کەرتی ١٩/الشرائع, کە لەسالّانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرلّستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبلّاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لیژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەرەوار: ٢٠١٩/١٠/١٣

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ڕێبند علی عبدالله و بدرالدین عزالدین محی الدین) لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بەکرێدانی فۆتۆکۆپی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٧ بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ

مەرجەکانی ژووری استنساخ

١- کەل و پەل/ کۆپی کردنی پەروای (A٤) یەك ڕوو نرخەکان بەدینار/ ٢٥ دینار.

٢- کەل و پەل/ کۆپی کردنی پەروای (A٤) دوو ڕوو نرخەکان بەدینار/ ٥٠ دینار.

تێبینی/

* دەبێت بەلێندەر زیاتر لە ٣ سێ ئامێری فۆتۆکۆپی هەبێت.

* دەبێت ژووری فۆتۆکۆپی دەورو بەری خاوێن بێت.

* پێشکەشکار ئەزمونی پێشوی هەبێت لەبواری کۆپی کردن.

* پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی سەرۆکایەتی و ڕاگرایەتی.

* دەبێت بەلێندەر کۆمپیوتەرێك یان زیاتری هەبێت.

* مۆڵەتی کۆپی کردنی هەبێت.

* فرۆشتنی تەندەر بەبری (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دیناری بۆ فرۆشتن ناگەڕێتەوە بۆ بەلێندەر.

* هێنانی بارمتە بەبری (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.

* ئەو کەسەی تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت پشتگیری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە بێنێت دوای دەرچوونی.

* پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی هەولێر.

* پارەی بلّاوکردنەوەی ئاگاداری لە ئەستۆی ئەو لایەنە دەبێت کەوا ژووری فۆتۆکۆپی بۆ دەردەچێت.

* ئەو کەسەی بەشداری دەکات لە زیادکردنی ئاشکرا کە نابێت فەرمانبەر بێت لە دام و دەزگا حکومیەکان بە پێچەوانەوە دوور دەخرێتەوە لە ئەنجامی ڕێگای یاسایی دەرهەق ئەنجا دەدرێت.

* هەر بەلێندەرێك یەکێك لەو مەرجانەی ئامادەی پێکراوە تەواو نەبێت دوور دەخرێتەوە لەبەشداری پێکردن لەزیادکردنی ئاشکرا کە.

- پێویستە مۆڵەتی کارکردنی هەبێت
- لە ٢٠١٩/١٠/١٧ تاکو ٢٠١٩/١٠/٢٧

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنوسی کەلار/یەك
ژمارە / ٢١/
ڕیکەوت ٩ / ١٠ / ٢٠١٩
ئاگاداری

بەپێی ئەو داوایەی کەلەلایەن داواکار پشکەش بەم فەرمانگەیە کراوە ,بە ناوی (لقمان محمد مجید) داواکارە بە تۆمار کردنی ئامێرەکانی کارگەی (مازوخ) بۆ دروست کردنی ئەسترۆپۆڵ / پرۆژەی بچووك کە لە (کەلار / پیشە سازی) دانراون و ئامێرەکان لە خوارەوە دیاری کراوە بەپێی یاسای دادنووس ژمارە (٣٣) لەسالّی (١٩٩٨) بلّاوی دەکەینەوە هەرکەسێ خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانە دادەنێ لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بەناوی داواکارەوە تۆمار

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئاوەنیا) بۆ بازرگانی گشتی و بازرگانی دەرمان/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ئاوەنیا) بۆ کۆمپانیای (MEDICAL TIME)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (جحا) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٧٥٩١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TETRA) بۆ (بازرگانی زیندەوەرانی ئاوی جوانی و گیانەوەری مالی و گشت پێداویستیەکانی/سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
